# تیۆری جەنگی ڕەوا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا
# "لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری"

د. ئومێد رفیق فتاح*                    م.زانا تۆفیق کاکەامین**

وشە کلیلییەکان: جەنگ، تیۆری جەنگی ڕەوا، دەستێوەردانی سەربازی، دادپەروەری، ئاشتی.
https://doi.org/10.31271/jopss.10039

**پووختەی توێژینەوەکە**

جەنگی ڕەوا ئەو تیۆرەیە کە پاساوی ئەخلاقی و یاسایی لە خۆدەگرێت و بڕیار لەسەر ئەوە دەدات لە چ کات و بارودۆخێکدا دەوڵەتان بچنە جەنگەوە. بۆیە تیۆری جەنگی ڕەوا و یاسای جەنگ بەیەکداچوو و ڕەنگدانەوەی یەکترن. ئەم تیۆرە خاوەن مێژوویەکی دێرینە لە ڕەوایەتی پێدان بە جەنگ و سەرەتای دەرکەوتنەکانی دەگەڕێتەوە بۆ شارەستانیەتی یۆنانی و ڕۆمانیەکان کە پاساوی پشتگیریکردنیان بۆ جەنگ لە پێناو چاکەی گشتیدا بووە. لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا دەسەڵاتی ئاینی ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە ڕەوایەتیدان بە بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە. لە قۆناغی مۆدێرندا، سروشتی جەنگ و بنەماکانی دەستێوەردان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە بەشێوەیەك ئەم تیۆرە پەیوەست دەبێت بە بوونیادنان و هاتنەکایەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە خۆرئاوادا. لە قۆناغی هاوچەرخیشدا (مایکڵ وۆڵزەر) گەشەی بە ئەم تیۆرەداوە بەشێوەیەک مافی تاکەکان دەبێتە بنەمای سەرەکی بۆ جەنگی ڕەوا. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە ئایە دەکرێت ڕەوایەتی بە جەنگ بدرێت و پاساوی بۆ بهێنرێتەوە؟ یان چ کاتێك دەستێوەردان ڕەوا دەبێت؟ هەروەها ئامرازەکانی بەکارهێنانی ئەو هێزە دەبێت چۆن بێت؟ توێژینەوەکە لە ڕێگەی خستنەڕووی بنەماو پرانسیپەکانی ئەم تیۆرە شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ئەم پرسیارانە دەکات. بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت کە جەنگ کاتێك ڕەوا دەبێت کە بەپێی بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا بڕیاری لەسەر بدرێت. هەریەکە لە بنەمای پەیوەست بە ڕەوایەتی چوونەجەنگ و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی جەنگ و دادپەروەری و ئاشتی دوای جەنگ لە خۆبگرێت.

---

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی جیهان ـ سلێماني، توێژەر لە سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی:
umed.fatah@centerfs.org                    omedfatah76@yahoo.com

** خوێندکاری دکتۆرا لە کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان - زانکۆی سلێمانی / مامۆستا لە بەشی یاسا - زانکۆی ڕاپەڕین:
zana.amin@uor.edu.krd

**ملخص البحث:**

**نظرية الحرب العادلة في السياسة الدولية "دراسة نظرية"**

الحرب العادلة نظرية تحتوي على المسوغات الاخلاقية والقانونية، وتحدد الوقت والظروف التي يسمح للدول بدخول الحرب. لذلك ان نظرية الحرب العادلة و قانون الحرب مرآة لبعضها البعض. إذ ان الاولى صاحبة تأريخ عريق في اعطا الشرعية للحرب. يرجح ظهورها الى الحضارتين الاغريقية والرومانية. إذ ان المصلحة العامة كانت مبرراً للحرب لديهم. وفي العصور الوسطى لعبت السلطة الدينية دوراً بارزاً في اعطا الشرعية باستخدام القوة لدى السلطة السياسية. وفي الحقبة الحديثة شهدت طبيعة الحرب ومبادئ التدخل تغيراتا بحيث، تنفيذ تلك النظرية ببناء ونشأة الدولة القومية في الغرب. وفي المرحلة المعاصرة ان (مايكل ولزر) طورت النظرية بحيث تصبح حقوق الأفراد مبدأ رئيسياً للحرب العادلة. يتمثل السؤال الرئيسي هذ الدراسة في انه هل بالامكان اعطاء الشرعية للحرب و ابداء المبررات لها أو متى يكون التدخل مشروعاً؟ وكيف تكون ادوات إستخدام القوة ؟ تعمل الدراسة على تحليل وتفسير الاسئلة المذكورة من خلال عرض مبادئ واصول تلك النظرية، لذلك يفترض بأن الحرب تكون عادلة عندما تقرر عليها من خلال مبادئ نظرية الحرب العادلة. وكل من المبادئ المتعلقة بشرعية الدخول في الحرب و كيفية إجراء الحرب وإحتواء ختامها على العدالة والسلام.

**Abstract**

**Just war theory in the International Politics "Theoretical study"**

Just war is a theory that contains moral and legal justifications, and governs the time and circumstances in which states are allowed to enter the war. Therefore, just war theory and the laws of war are reflecting to each other. The first has a long history of legitimizing war and its appearance possibly goes back to the Greek and Roman civilisation as the public interest was a reasoning for their wars. In the Middle-Ages, religious authority played a significant role in legitimizing the use of force by political authority. In the modern era, the nature of war and the principles of intervention have undergone changes, so that the implementation of that theory built and established the nation-state in the West. In contemporary times, Michael Walzer developed the theory so that individual rights became a central principle of just war. The main question of this study is whether war can be legitimized and reasonable or when intervention is legitimate? As well as how the forces are used? This study examines and explains the mentioned questions by presenting the roots and principles of that theory. Thus, it is assumed that a war is just when it is decided through the principles of a just war theory. This theory deals with the justification of how and why wars are fought. It can be concluded that Just war is a last resort and that its essential aim is always peace and Justice.

## پێشەکی

جەنگ وەك دیاردەیەکی مرۆڤ کرد، چەمکێکی زێدە ئاڵۆزە و لەگەڵ هەبوونی مرۆڤدایە، بەڵام دەکرێت شێوازی بگۆڕدرێت. ئەگەرچی ئەم کورتکردنەوەیە سادە دەردەکەوێت، بەڵام ئاڵۆزیەکی زۆر لە خۆدەگرێت. بۆیە ئەوەی بە بەردەوامی بۆتە جێگەی پرسیار و لێکدانەوەی جیاواز خۆی لە پرسێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە، ئایا دەکرێت ڕەوایەتی بە جەنگ بدرێت و پاساوی بۆ بهێنرێتەوە؟ ئەوەی لێرەدا زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە بریتیە لە بنەما و پرانسیپە مۆڕاڵیەکان وەك چوارچێوەیەکی سەرەکی بۆ ڕەوایەتیدان بە دیاردەی جەنگ لە قۆناغ و کاتێکی دیاریکراودا. سەرەتای دەرکەوتنی تیۆری جەنگی ڕەوا دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ یۆنانیەکان و دواتر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، بەڵام زۆرێك لە توێژەرانی ئەم بوارە قۆناغی ڕاستەقینەی ئەم تیۆرە بە فەلسەفەی ئاینی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست گرێدەدەن. بۆیە هەر یەکە لە ئاگۆستین و تۆمای ئەکوینی بە دامەزرێنەر و بوونیادنانی ئەم تیۆرە دادەنێن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە سەدەکانی پێش ئەوانیش بەشێك لە بنەماکانی ئەم تیۆرە باسیان لێوەکراوە. تیۆری جەنگی ڕەوا پێمان دەڵێت کە بارودۆخێك دێتەکایەوە کە نەك بەکارهێنانی هێز ڕەوا دەبێت، بەڵکو دەبێتە کردەیەکی پێویست کە دەبێت ڕووبدات وەك تەنها بژاردەیەك، لە پێناو پاراستنی ماف و بوونی هاووڵاتیان. سەرەڕای بوونی چەندین تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیاواز لەم بارەیەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت، کە چەمکی جەنگی ڕەوا ڕوون بکرێتەوە و گرنگترین قۆناغە مێژوویەکانی ئەم بابەتە دیاری بکرێت کە بەپێی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان گۆڕانکاری گرنگی بەخۆیەوە بینیووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی هێنانەدی ئەم ئامانجەنە دەدات:

- ڕاڤەکردن و پێناسەکردنی تیۆری جەنگی ڕەوا.
- بە خوێندنەوەو هەڵێنجان گرنگترین بنەماو پرانسیپە سەرەکیەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا دەخەینەڕوو.
- خستنەڕووی گرنگترین پاساوەکان بۆ دەستێوەردان، کە لەم ڕێگەیەوە جەنگ وەك ڕێگایەک بۆ هێنانەکایەوەی ئاشتیانە لیکدانەوەی بۆ دەکرێت.

**پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە:**

بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم توێژینەوەی دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

- تیۆری جەنگی ڕەوا چیە؟ لە قۆناغی کلاسیك و مۆدێرندا چۆن ئەم تیۆرە گەشەی کردوە؟
- بنەماو پرانسیپە سەرەکیەکانی ئەم تیۆرە چین؟
- چ کاتێک دەکرێت هێز بەکاربهێنرێت؟
- ئامرازەکانی بەکارهێنانی ئەو هێزە دەبێت چۆن بن؟
- چۆن دادپەروەری بە دەست دێت لە دوای جەنگ؟

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە پشت دەبەستێت بە میتۆدی مێژووی بۆ تێگەیشتن لە چەمك و قۆناغە مێژوویەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا. هەروەها میتۆدی شیکاری وەك میتۆدێکی سەرەکی بەکارهاتوە بۆ ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی پاساو بنەماکانی ئەم تیۆرە. بەشێوەیەکی سەرەکیش توێژینەوەیەکە پشتی بە سەرچاوە بنەڕەتیەکانی تیۆردارێژەران بەستووە لەگەڵ بەشێکی تر لە نووسینەکانی لێکۆڵەران و بیرمەندانی فەلسەفەی مۆڕاڵ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی.

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

بنەما مۆراڵیەکان مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە بۆ شیکردنەوەو ڕەوایەتی دان بە سروشتی جەنگ، بۆیە دەکرێت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی گریمانە و پرانسیپەکانی ئەم تیۆرە جەخت لەسەر تێگەیشتنی ئەخلاقی بۆ جەنگ بکرێتەوە. توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە بنەما ڕاگەیەنراوەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا دەبنە پاساوی دەستێوەردان و جەنگێکی ڕەوا. بەپێی تیڕوانینی ئەم تیۆرە، جەنگ لە ڕووی ئەخلاقیەوە ڕێگەپێدراوە لە چەند بارودۆخێکی سنوردار و دیاریکراو لە چوارچێوەی ئەو بنەمایانەی کە ئەم تیۆرە دەیان خاتەڕوو لە پاڵنەر و ئامراز و ئامانجەکانی جەنگ.

**ستراکچەری توێژینەوەکە:**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوەکە دابەش کراوە بەسەر پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی، لەهەر بەشێکدا هەوڵدەدرێت وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بدرێتەوە کە پەیوەندیان بە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەوە هەیە بەم شێوەیە: بەشی یەکەم پەیوەستە بە چەمك و سەرهەڵدانی تیۆری جەنگی ڕەوا، لەم بەشەدا سەرەتای دەرکەوتنی ئەو تیۆرە ڕوون دەکرێتەوە لەگەڵ گرنگترین قۆناغ و پێشکەوتنەکانی پەیوەست و بە تایبەت قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست کە هەریەك لە بیرمەندانی سەرەکی (ئاگۆستین، تۆمای ئەکوینی و ڤیکتۆریا) باسیان لێوەکراوە، لەگەڵ قۆناغی هاوچەرخ کە تێدا بیرمەندی سەرەکی ئەم تیۆرە (مایکل وڵزەر) گەشەی زۆری بە ئەم تیۆرەداوە. لە بەشی دووەمدا جەخت لە بنەما و پرانسیپەکانی ئەم تیۆرە کراوەتەوە، کە خۆی لە سێ بنەمای سەرەکی دەبینێتەوە، لە بنەمای یەکەمدا باس لە گرنگترین پرانسیپەکانی پەیوەست بە مافی ڕەوایەتی چوونەجەنگەوە (jus ad bellum) کراوە. لە بنەمای دووەمدا سەرەکیترین ئەو پرانسیپانە دەخرێنەڕوو کە پەیوەستن بە ئامرازو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی جەنگ (jus in bello)، لە بنەمای سێیەمیشدا وەك پرانسیپێکی گرنگ و بنەڕەتی باس لە دادپەروەری دوای جەنگ (Jus Post Bellum) دەکرێت.

## بەشی یەکەم:
## چەمک و سەرهەڵدانی تیۆری جەنگی ڕەوا

### ١-١ دەسپێک:

لەڕاستیدا، بەکارهێنانی توندوتیژی لە پێناو ئامانجی سیاسیی بابەتێکی نوێ نیە، ئەمەش ئەو ڕاستیە دێنێتەئاراوە کە جەنگ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی_سیاسی لە مێژینەیە و ڕەگورِیشەیەکی زۆر کۆنی هەیە. ئاشکرایە، بۆ ماوەی چەندین سەدەیە بابەتی جەنگ وەك دیاردەیەکی مێژووی و مرۆیی بۆتە پرسێکی پڕ مشتومڕی توێژەران. هەروەها مێژوی جەنگ بریتیە لە مێژوی پاساوهێنانەوە، بۆیە بە درێژای چەندین سەدە پاساوی سەربازی، ئاینی، یاسایی و ئەخلاقی بوونیان هەبووە. لەم نێوەندەشدا، بابەتی ئەخلاق وەك بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت لە ئەرگیومێنتەکان دەربارەی جەنگ و ململانێی چەکداریەکان. هەروەها ڕۆڵی ئەخلاق و پەیوەندی بە سیاسەت و هێزەوە بە یەکێك لە بەرجەستەترین بابەتەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی دادەنرێت. ئەوەی لێرەدا زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە بریتیە لە بنەما و پرانسیپە ئەخلاقیەکان وەك چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ڕەوایەتیدان بە دیاردەی جەنگ لە قۆناغ و کاتێکی دیاریکراودا. دەرکەوتنی تێز و بیرکردنەوەکانی جەنگی ڕەوا خاوەن مێژوێکی دوور و درێژن، هەڵبەت لە زۆرینەی شارەستانیەتەکان و ئاینە جیاوازەکاندا باس لە ڕەوایەتیدان بەجەنگ و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی جەنگ کراوە. لەم بەشەدا توێژینەوەکە چەمکی تیۆری ئەخلاقی جەنگی ڕەوا لێکدەداتەوە و گرنگترین گەشەسەندن و پەرەسەندنەکانی شیدەکاتەوە.

### ١-٢ چەمکی جەنگی ڕەوا:

بەشێوەیەکی گشتی لە ئەدەبیاتی سەربازیدا، قسەکردن لە ڕەوابوون یان ڕەوانەبوونی جەنگ و بەکارهێنانی توندوتیژی خۆی دەبینێتەوە لە تێز و بیرکردنەوەکانی فەلسەفەی مۆڕاڵ، لە چەندین سەدەی ڕابردوودا ئەوەی پانتایەکی گەورەی هێنابێتەکایەوە بریتی بووە لە پشت بەستن بە ئێتیکی جەنگ لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پێکدادانە سەربازیەکاندا. لەوچوارچێوەیەدا ڕەگەزی سەرەکی ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە لایەنی ئەخلاقی لەبەکارهێنانی هێزدا. بۆ نموونە توێژەر "جۆن لانگۆ" (John W. Lango) لە نوێترین لێکۆڵینەوەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تیۆری جەنگی ڕەوا بریتیە لە تیۆرێکی مۆڕاڵی و بنەما و پرانسیپەکانیشی ئەخلاقین.[(1)] بەم مانایە بێت قسەکردن لەسەر ساتەوەختی ئەم تیۆرە قسەکردنە لەسەر فەلسەفەی مۆڕاڵ لە پێناو سنووردانان بۆ جەنگ لە ڕێگەی ئامرازە ئەخلاقی و مرۆییەکانەوە.

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بۆ چەند تێگەیشتن و پێناسەیەک بکرێت، کە خۆیان لە چەند خاڵێکی هاوبەشدا دەبینەوە. لای بیرمەند ئۆلیڤەر ئۆدونوڤان (Oliver O'Donovan) تیۆری جەنگی ڕەوا

(1) Lango, John W. The Ethics of Armed Conflict: A Cosmopolitan Just War Theory. Edinburgh University Press, 2018.

بریتیە لە "پرۆژەیەک کە لە ڕووی کردارییەوە پاساوی هەیە".[1] زیاتر لەوەش، پێی وایە تیۆری جەنگی ڕەوا وەکو پرۆژەیەکی کرداری ڕاستکردنەوەیەکی ڕیشەییە لە پیادەکردنی جەنگدا وەک ڕێنیشاندەرێکی مۆڕاڵی.[2] ئەمەش واتا بەر لە هەموو شتێك، ئەم تیۆرە چەمکێکی ئەخلاقیە، کە نابێت لەژێر هیچ ناوێکدا سەرپێچی لە بنەماکانی بکرێت. توێژەر "جێمس تونەر" پێی وایە کە تیۆری جەنگی ڕەوا بریتیە لە مۆدێلێك لە ڕەوایەتیدانی پەیوەندیدار بە ئاین، یاسا سەربازییەکان و گوتاری سیاسی.[3] ئەم ڕوانینە ئەخلاقیە، بەسەریەکەوە شێوازێك لە بیرکردنەوە و ڕێکخستن لە پەیوەندی هەمەلایەنە دێنەێتەئاراوە. ئامانجی تیۆری جەنگی ڕەوا لای ڕیچارد میللەر (Richard B. Miller) خۆی دەبینێتەوە لە جیاکاری لە نێوان کوشتن لە جەنگدا لەگەڵ کوشتنی کەسێك (یاخود کوشتن بێ هۆکاری جەنگ)، کوشتن لە جەنگدا نابێتە بکوژ، پۆلێنکردنی هەندێك کرداری مرۆڤ لە ڕووی مۆڕاڵیەوە قبوڵکراوبێ، لەهەمانکاتێشدا دانانی سنوورێکە بۆئەو کردارانەی کە قبوڵکراو نین لە جەنگدا.[4] خاڵی دەستپێکی تیۆری جەنگی ڕەوا جەختکردنەوەیە لە چەمکی دادپەروەری، کە تێدا دەبێت جەنگ بەشێوەیەکی ڕاست و دادپەروەرانە بڕیاری لەسەر بدرێت.

ئالێکس بێلامی (Alex J. Bellamy) وەسفی تیۆری جەنگی ڕەوا دەکات بە گفتۆگۆیەکی درێژکراوەی نۆرماتیڤ دەربارەی ڕەوایەتی بەکارهێنانی هێز کە گرنگی پێدراوە لەلایەن چەندین توێدارێژەرەوە، هەریەکەیان لایەنێکیان گەشەپێداوە.[5] تێڕوانینی تیۆرست مایکل ۆڵزەر (Michael Walzer) بۆ تیۆری جەنگی ڕەوا بەشێوەیەکی لۆژیکی دەگاتە ئاستێکی گشتگیرتر، کە بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت "بریتیە لە کۆمەڵێك نۆرم، دابونەریت، بنەمای یاسایی، پرانسیپی ئاینی و فەلسەفی و ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕی دروستکراوە کە هەڵسەنگاندنەکانمان دیاری دەکات بۆ ڕەفتارێکی سەربازی".[6] لای ۆڵزەر تیۆری جەنگی ڕەوا بریتیە لە یاسای ئەخلاقی (the moral law)، کە کۆمەڵێك بنەما لە خۆدەگرێت پەیوەست بە جەنگەوە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.[7] بۆیە لە ڕوانینی گشتیی دا، تیۆری جەنگی ڕەوا بریتیە لە هەوڵێك بۆ ڕەخساندنی چوارچێوەیەك بۆ ڕێکخستنی هێز لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بە جۆرێك کە بەژەوەندی هاوبەشی نێودەوڵەتی تێدا بێت. هەروەها ئەم کارەی ۆڵزەر بە چەمکی ڕێکەوتننامەی جەنگ (war convention) وێنا دەکرێت، کە تێدا کۆمەڵێك بنەما و نۆرمی مۆڕاڵی لە خۆدەگرێت بۆ سنووردارکردنی بەکارهێنانی هێز و دیاریکرنی شووناس و

[1] O'Donovan, Oliver. The just war revisited. Vol. 2. Cambridge University Press, 2003:6-8

[2] Ibid.

[3] Johnson, J. "Morality and Contemporary Warfare." Theological Studies 61, no. 3 (2000): ٢٥.

[4] Richard B. Miller, Interpretations of Conflict: Ethics, Pacifism, and the Just War Tradition (Chicago: University of Chicago Press, 1991):13.

[5] Eric A. Heinze and Brent J. Steele, eds., Ethics, Authority, and War: Non-State Actors and the Just War Tradition (New York: Palgrave Macmillan, 2009): 4.

[6] Walzer, Michael. Just and unjust wars: A moral argument with historical illustrations. Basic books, 2015:44.

[7] Ibid,:xxvi.

لێکجیاکردنەوەی کەسانی شەڕکەر و مەدەنی لە هێرشەکاندا. لێرەوە دەتوانین قسە لەسەر دوو جۆر لە جەنگ و دەستێوەردانی سەربازی بکەین، کە لە کرۆکی تیۆری جەنگی ڕەواوە دێتە بەرهەم، ئەویش بریتیە لە پۆلێنکردنی جەنگ بۆ ڕەواو ناڕەوا، بەکارهێنانی هێز بەشێوەی ناڕەوا لە دەرەوەی تێگەیشتنی تیۆری جەنگی ڕەوادایە. کەواتە تیۆری جەنگی ڕەوا بریتیە لە دادوەریکردنی ئەخلاقی بۆ دیاردەی جەنگ کە پشت بە کۆمەڵێك بنەماو ڕێسا دەبەستێت. چونکە جەنگ لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا ڕێگایەکە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و دادپەروەری.

لە سۆنگەی شیکردنەوانەی توێژەران، دەگەینە ئەو تێگەیشتنەی کە تیۆری جەنگی ڕەوا بریتیە لە دۆکترینی ئەخلاقی دەربارەی بەکارهێنانی هێز، کە تێدا هەریەکە لە فۆرمی ئاینی، یاسایی، فەلسەفی و سیاسی لە خۆدەگرێت. کەواتە دەکرێت بوترێت کە تیۆری جەنگی ڕەوا بریتیە لە خاڵی جیاکەرەوە لە نێوان جەنگێك کە ڕەوا بێت بەپێی ئەو بنەماو خەسڵەتانەی ئەم تیۆرە دایڕشتوە لەگەڵ کۆی شێوازەکانی تری بەکارهێنانی هێز کە ڕەوایەتیان نیە. هەروەها سەرەڕای بوونی دژیەکی و نەبوونی کۆدەنگەیەکی گشتگیر لەسەر ڕەوایەتیدان بە جەنگ و شێوازەکانی سنووردارکردنی، جەنگی ڕەوا بە جەختکردنەوە لەو چوارچێوە مۆڕاڵیەی کە هەیە بۆ چۆنیەتی ڕاگەیاندنی جەنگ و بەڕێوەچوونی جیادەکرێتەوە. ئەم تیۆرە دانانی ڕێسای وردە بۆ بەرەنگاربوونەوە و بنیاتنانی متمانە لە نێوان خەڵکی ئەو ناوچەکانی جەنگ هێنانەکایەوەی میکانیزمی گونجاوە بۆ سزا گەیاندنی سەرپێچیکاران. ڕەهەندی مێژووی ئەم تیۆرە گرنگە، چونکە ئەم تیۆرە لە ڕووی مێژوویەوە ڕەگ وریشەی هەیەو بنەماکانی درێژراون. لە ئەنجامی ئەمەدا دەتوانین ڕاڤەکارییەکی مێژویی چەمکەکە بکەین، دەکرێت لەڕووی مێژووییەوە هەنگاو بە هەنگاو ئەم پرۆسەیە لە تەوەرەکانی خوارەوەدا ڕاڤەبکەین.

**١-٣ تیۆری جەنگی ڕەوا لە قۆناغی کلاسیکیدا:**

لەڕووی مێژووییەوە، ئەم تیۆرە خاوەن ئەزموون و قۆناغی جیاوازە، کە تێدا هەر قۆناغێك هەڵگری کۆمەڵێك پێشکەوتن و پێداچوونەوە و گەشەکردنە. دەرکەوتنی ئایدیاو بنەما گشتیەکانی ئەم تیۆرە گەشەیان پێدراوە لە ئاست و لایەنی جیاوازەوە وەك یاسای ڕۆمانی، پەیڕەویکردنی ئاینی، لایەنی سەربازی و فەلسەفەی سیاسیەوە، لە قۆناغەکانی دواتریش بە تایبەت شیکەرەوە و توێژەرە جیاوازەکانی ئاینی مەسیح گرنگیان پێداوە. ئاشکرایە کە گفتوگۆ لە پرسی جەنگی ڕەوا ڕیشەگەلێکی فەلسەفی، سیاسی، ئاینی و ئەخلاقی دووروودرێژی هەیە. بەڵام زۆرێك لە توێژەرانی ئەم بوارە گفتوگۆ پڕ بایەخەکانی ئەم بابەتە دەگێڕنەوە بۆ بەها ئەخلاقیەکانی ئاینی مەسیحیەت کە لە پێنا و ڕیکخستنی هۆکار و ئامانجەکانی جەنگ پاساو ئارگیۆمێنتی ئەخلاقیان لە چوارچێوەی ئاینیدا پێشکەش کردوە، بۆیە جەنگ و دەستێوەردانە سەربازیەکان لە ڕوانگەیەکی پیرۆز و ئیلاهیەوە لێکدانەوەیان بۆ کراوە.[1] وەك ئەوەی دەردەکەوێت دید و تێروانینەکانی ئەم قۆناغەش بۆ تیۆری جەنگی ڕەوا دابڕاو نەبووە لە

[1] Douglas, Mark. "Changing the rules: Just war theory in the twenty-first century." Theology Today 59, no. 4 (2003): 529-545.

قۆناغەکانی پێش خۆی بە جۆرێك کە لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەری تردا بووە وەك یاسای ڕۆمانی و تێزو بیری هزری یۆنانی کۆن. کە لە باسەکانی دواتردا ڕوونکردنەوەی زیاتر دەخەینەڕوو سەبارەت بەم قۆناغە.

**١-٣-١ بیرکردنەوەی جەنگی ڕەوا لە یۆنانی کۆن و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا:**

لە فکری کلاسیکی کۆندا، بیرۆکەی ئەم تیۆرە ئامادەیی هەبووە، بۆ نموونە لایەنە جیاوازەکانی ئەم تیۆرە جێگەی بایەخی بیرمەند و فەیلەسوفانی یۆنانیەکان بووە، دەوڵەتە شارەکان لەو قۆناغەدا یەکەی باڵای بەڕێوەبردن بوون. هەریەکە لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ باسی لایەنێك لە لایەنەکانی ئەم تیۆرەیان کردوە. ئەوەی لای یۆنانیەکان و بە تایبەت ئەفلاتوون جێگەی گرنگی پێدان بووە پەیوەست بوون بە پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی لە پێناو ئەوەی نەبنە بەشێک لە قوربانی شەڕەکان. هەروەها چۆنیەتی کۆتایی پێهێنانی جەنگ کە خۆی ببینێتەوە لە دەسەڵاتێکی گونجاو بە گرنگ دانرەوە بۆ ئەوەی جەنگ جیا بکرێتەوە لە دەستدرێژی کاری.[١] بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لە تێڕوانینی یۆناندا دەخوێندرێتەوە بریتیە لە مافی بەرگری ڕەوای دەوڵەتێك دژ بە دەوڵەتێکی تر.

تیۆری جەنگی ڕەوا دەکرێت زۆر بە ڕوونی لە قۆناغی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بەدی بکرێت و بە تایبەت لای تیۆردارێژەر و فەیلەسوف شیشرۆ (Cicero)، دیدو تێروانینەکانی ئەم بیرمەندە کاریگەری گەورەی لەسەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی هەبووە.[٢] دەرکەوتنی ئارگیۆمێنتەکانی شیشرۆن دەربارەی ئەم تیۆرە قورس نیە، ئەو لە سەر هەردوو پرانسیپی سەرەکی هەریەکە لە بنەمای یاسایی و ڕەچاوکردنی بنەمای مۆڕاڵی کاری کردوە، بۆ ئەوەی جەنگەکان بەڕەوا لە قەڵەم بدرێن. هەر وەك ئەفلاتوون و ئەرستۆ، بوونی دەسەڵاتیکی گونجاو بۆ بڕیاردان و کۆتای پێهێنانی جەنگ بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکان دانراوە، کە پێویستە جەنگ بەشێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن دەسەڵاتێکی گونجاوەوە بڕیار لەسەر دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی بدرێت.[٣] بەشێوەکی گشتی لەم قۆناغەدا چەند بنەمایەکی وەك دەسەڵاتێکی گونجاو بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ زیاتر گەشەیان پێدراوە.

**١-٤ تیۆری جەنگی ڕەوا لە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستدا:**

بەلای زۆرێك لە توێژەران نەریتی تیۆری جەنگی ڕەوا پەیوەستە بە کەلتور و هزری فەلسەفی ڕۆژئاوا، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە تیروانینەکانی ئەم قۆناغە بکەین، کە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لە تیۆرداڕێژەرانی سەرەکی ئاگۆستین و تۆماس ئەکوینی:

---

[1] Christopher, Paul. The ethics of war and peace: An introduction to legal and moral issues. Englewood Cliffs: Prentice Hall, 1994: 10.

[2] Khalife, Ryan A. "Drone Strikes: The Moral, Political, and Legal Implications of the Changing Character of War."Thesis, Oregon State University (2018):12.

[3] Harrer, Gustave Adolphus. "Cicero on peace and war." The Classical Journal 14, no. 1 (1918): 26-38.

**١-٤-١ تێروانیەنەکانی ئاگۆستین** (St. Augustine of Hippo 354-430 ):

هەرچەندە ئاگۆستین یەکەم کەس نیە کە باسی لە بنەمای ئەخلاقی جەنگ کردبێت، بەڵکو لە پێش ئەویش لە نووسینەکانی هەریەکە لە ئەرستۆ و شیشرۆ دا ئاماژە بەم بنەمایانە کراوە. بەڵام ئاگۆستین بە یەکێك لە تیۆردارێژەرانی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت، کە لە سەدەی پێنجەمدا، باس لەوە دەکات کە چ جۆرە کوشتنێك و جەنگێك ڕەوایەتی وەردەگرێت.[١] کاریگەرییە سەرەکیەکانی پاساوی جەنگ پەیوەست بووە بە بەشداری مەسیحیەکان لە جەنگی دژ بە ڕۆمانیەکان. ئەم کاریگەریە جۆرێك لە تێگەیشتنی هێناوەتەئاراوە کە لەوکاتەدا ئەم تیۆرە بە تیۆری جەنگی ڕەوای مەسیحیەت (Christian ‘just war theory) ناوبرێت. لەم قۆناغەدا ئاگۆستین وەك چەمك باسی لە تیۆری جەنگی ڕەوای نەکردووە، بەڵام دەکرێت دیدو بنەماکانی ئەم تیۆرە لە چوارچێوەی نووسینەکانیدا بدۆزرێتەوە. لێرەدا ماری کاڵدەر ئاگۆستین بە باوکی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنێت لە سەردەمی کلاسیکیدا،[٢] یان ئاگوستین بە دامەزرێنەری دۆکترینی ئاینی (Christian doctrine) جەنگی ڕەوا دادەنرێت. کە بەلای ئاگۆستینەوە جەنگ ڕێگەدراو دەبێت لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی گشتیەوە لە پێناو ئامانجێکی گشتی، بۆیە هەبوونی دەسەڵاتێکی ڕەوا بە سەنتەری بیر و بۆچوونەکانی ئەو دادەنرێت. لە ڕوانگەی ئاگۆستینەوە، جەنگ کاتێك ڕەوا دەبێت کە لە پێناو چاکەیەکی گشتی و هاوبەشدا بێت، بە واتایەکی تر ئاشتی دەبێتە تەوەری سەرەکی بڕیاردان لە جەنگ. چونکە ئاگۆستین جەختی لەسەر سنوردارکردنی جەنگ دەکردەوە لە ڕێگەی گەڕان بە دوای دادپەروەریەوە کە هاوتای گەڕانە بەدوای ئاشتیدا.[٣] بەم پێیە ئاگۆستین بە یەکێك لەوانە دادەنرێت کە کاریگەری زۆری لەسەر بیرمەندانی دوای خۆی بەجێهێشتووە، تێزەکانی ئەو وەك شێوازێك و چەمکێك بە شێوەی درێژخایەن بەجێماوە.

**١-٤-٢تۆمای ئەکوینی** (Thomas Aquinas 1225 – 1274):

یەکێکی تر لەو بیرمەندانەی کە بە شێوەیەکی قوڵتر وردبۆتەوە لە چەمك و بنەماکانی ئەم تیۆرە ئەکوینیە، ئەو لە سەدەی (13)دا بە سوود وەرگرتن لە بۆچوونەکانی ئاگۆستین ئەم تیۆرەی زیاتر بەرەوپێشەوە بردوە و پرانسیپەکانی فراوانتر کردوە. لەم پێناوەدا ئاکوینی چەند بنەما و پرانسیپێکی بنەرەتی دادەڕێژێت بۆ ئەوەی بزانرێت کە چ مۆدێل و فۆرمێك لە جەنگ دەکرێت بە ڕەوا و قبوڵکراو دابنرێت. لێرەدا ئاماژە بە سێ لە بنەما سەرەکیەکانی ئەکوینی دەکەین کە پێویستن بۆ ئەوەی جەنگ ڕەوا بێت:ـ یەکەم- جەنگ پێویستە بە سیستەم (order) ڕێکبخرێت لەلایەن دەسەڵاتێکی تایبەتمەندو گونجاوەوە (competent authority)، دووەم- پێویستە کەیسەکە ڕەوا بێت، بنەمای

[١] Campbell, Luke Bradley. "Just war, legitimate authority and non-state actors." PhD diss., University of Missouri--Kansas City, 2011.

[٢] Kaldor, Mary. New and old wars: Organised violence in a global era. John Wiley & Sons, 2013.

[٣] Burke, Anthony. "Just war or ethical peace? Moral discourses of strategic violence after 9/11." International affairs 80, no. 2 (2004): 336.

سێیەم- شەڕکەر دەبێت نیەتێکی باشی هەبێت و خۆ بەدوور بگرێت لە هەموو کارێکی خراپە و ناڕەوا.[١] ئەکوینیش بە درێژە پێدەری دۆکترینی ئاینی مەسیحی دادەنرێت، بەڵام ئامرازەکانی بەدیهێنانی جەنگ بە کۆمەڵێك پرانسیپ و ڕێسای ترەوە سنووردارەدەکرێت. وەك ئەوەی دەبینرێت، لای ئاگۆستین و ئەکوینی سەنتەری فکر و تێڕوانینی ئەوان لە هۆکار و پرسێکی ڕەوا خۆی دەبینێتەوە.[٢] هەروەها جگە لە بوونی هۆکارێکی ڕەوا هەریەکە لە پرانسیپی دەسەڵاتێکی شەرعی بۆ بڕیاردان لە جەنگ و بوونی نیەتێکی ڕاست و دروست لەلایەن ئەم بیرمەندانەوە گەشەیان پێدراوە.[٣] لە ڕێگەی ئەم چەند بنەمایانەوە، دەردەکەوێت ئەم تیۆرە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا قوناغ و پەرەسەندنی باشی بڕیوە لە گەلاڵەکردنی پرانسیپە گشتیەکانی.

### ١-٤-٣ فرانسیسکۆ دی ڤیکتۆریا (Francisco de Victoria1483-1546) :

ڤیکتۆریا بە یەکێك لەو توێژەرانە دادەنرێت کە زۆر بە ڕون و ئاشکرایی باسی لە بنەما سەرەکیەکانی تیۆری جەنگی ڕەوای کردووە. بەڕای ئەو ئەم تیۆرە بە تەنها لە یەك بنەما و پرانسیپ پێك نایەت. بەڵکو زیاتر بایەخ بە قۆناغی پاش جەنگ دەدەت و لەگەڵ پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی لە کاتی ڕوودانی جەنگدا. تێڕوانینەکانی ئەو زیاتر لە ژێر کاریگەری یاسای سروشتی دا بووە، بۆیە بوونی پارێزبەندنی بە پێویست زانیوە بۆ هەموو هاووڵاتیانی مەدەنی و ئەوانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشێك نین لە جەنگ و وەك شەڕکەری جەنگ لە قەڵەم نادرێن.[٤] ڤیکتۆریا وەك تەواوکەری بیر و بۆچوونەکانی ڕابردووی خۆی دەردەکەوێت، بەڵام زۆر گشتگیرتر گرنگی بە قۆناغی دوای جەنگ دەدات. کارەکانی ئەو وەك سەرەتای هەنگاوەکانی دوورکەوتنەوە لە هزری تەواوەتی ئاینی دادەنرێن. ئەمەش دەکرێت پەیوەست بێت بەو قۆناغەی ئەو کاتە کە لە ئەورووپادا دەسەڵاتی ئاینی بەرامبەر بوونیادی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریدا بەرەو لاوازی هەنگاوی دەنا.[٥] ڤیکتۆریا بوونی تەنها هۆکارێکی ڕەوا بۆ خاڵی دەستپێك و بناغەی جەنگ دادانێت و پێی وایە دەبێت بنەمای تریش لە خۆبگرێت.[٦] بە پێی تێگەیشتنی ئەو، جەنگ دەبێت وەك کۆتا بژاردە سەیر بکرێت و هەموو ڕێگەو شێوازە ئاشتیەکان تاقی کرابێتنەوە. هەروەها دەبێت ئەو جەنگە دەرفەتی سەرکەوتی هەبێت و

(1) Bowyer, Daren. "Just war doctrine: relevance and challenges in the 21st century." PhD diss, cranfield university, (2008):50.

(2) Mednicoff, David M. "Humane wars? International law, Just War theory and contemporary armed humanitarian intervention." Law, culture and the humanities 2, no. 3 (2006): 379.

(3) Stewart, Kerry. "Just war and terrorism: a new policy perspective." Digest of Middle East Studies 20, no. 2 (2011): 216.

(4) Von Elbe, Joachim. "The Evolution of the Concept of the Just War in International Law." The American Journal of International Law33, no. 4 (1939): 675.

(5) Burke, Ciarán. An equitable framework for humanitarian intervention. Bloomsbury Publishing, 2013.

(6) Bowyer, Daren. "Just war doctrine: relevance and challenges in the 21st century, (2008):52.

نادادپەروەریەکان لەڕێگەی جەنگەوە چارەسەربکرێن.[1] وەك دەردەکەوێت لە چەند ئاستێکدا گۆڕانکاری وپێشکەوتنی لەم تیۆرە ئەنجامدا، بە هێنانە پێشەوەی چەند بنەمایەکی تر بۆ جەنگی ڕەوا.

**٥-١ ڕێککەوتننامەی ئاشتی وێستڤالیا و بە سیکۆلاربوونی تیۆری جەنگی ڕەوا:**

کۆتایی شەڕی سی ساڵە و ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی وێستڤالیا (Peace of Westphalia) لە ساڵی (1648) ، بە یەکێك لە گۆڕانکاریە گەورەکانی گەشەسەندن و فراوانبوونی بنەما و پرانسیپەکانی ئەم تیۆرە دادەنرێت. لە بەرئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەدا دەوڵەتی نەتەوەیی و یاسای نێودەوڵەتی دێنەکایەوە، کە دەوڵەت شێوازی ڕێکخستنی هێزە و لە هەناوی سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەبیتە خاوەن بڕیاری بەکارهێنانی هێز بە پشت بەست بە خاوەنداریەتی سەروەری. خەسڵەتە سەرەکیەکانی لە هزری دەوڵەت و دەستێوەرنەدان لە سنووری یەکتر و هاتنەکایەی سیستەمی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خۆی دەبینیەوە و دەوڵەت دەبێتە بنەمای ڕێساکانی سیستەمی نێودەوڵەتی. لەم قۆناغەدا هۆگۆ گرۆشیوس بە یەکێك لەو تیۆردارێژەرانە دادەنرێت کە چوارچێوە و بنەما و یاساکانی ئەم تیۆرەی لە چوارچێوەیەکی سیکیۆلار دارشتوە. ئەم تیۆرەش ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەبوو کە لە ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنامەیە هاتەکایەوە، چونکە ئەم ڕێکەوتنامەیە قۆناغی بە سەنتەربوونی دەوڵەتی چەسپاند. لەم قۆناغەدا چیتر تێڕوانینی ئاینی وەك هۆکارێك بۆ ڕەوایەتی دان بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ دانانرێت و بنەمای دەستێوەرنەدان لە سەروەری دەوڵەتان جێگەی گرتەوە.

**١-٥-١ هۆگۆ گرۆشیوس ( Hugo Grotius 1583-1645) :**

چەند سەدەیەك دوای ئاکوینی، هۆگۆ گرۆشیوس یاساناس و تیۆردارێژەری بەناوبانگی هۆڵندی، کە بە دامەزرێنەری یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت، پەرەی بە شیکردنەوەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا داوە و هەنگاوێکی تر ئەم تیۆرەی بەرەوپێشەوە بردوە. لە یەکێك لە نووسینەکانی دا بە ناوی یاسای جەنگ و ئاشتی (The law of war and peace)، کە بە زمانی لاتینی لە پاریس بڵاوی کردۆتەوە، گرنگترین بنەماو پرانسیپە یاساییەکانی جەنگی تیدا دارشتوە، کە تێدا ئاماژەی بە شەش بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرە کردووە وەك: هۆکاری ڕەوا، دەسەڵاتیکی سەروەری، ڕاگەیاندنی فەرمی، هاوڕێژەیی، دەرفەتی سەرکەوتن و دوا بژاردە.[٢] لە قۆناغی مۆدێرنیشدا ئەو کارەی هۆگۆ بە جەوهەر و بنەمای یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت، کە تێدا پشت بە مافە سروشتیەکان (Natural Rights) دەبەستێت. هەروەها تێزەکانی ئەم بیرمەندە بوونە سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە لەسەر بنەمای یەکسانی سەروەریی نێوان دەوڵەتان هاتۆتەکایەوە، کە تێدا دەوڵەت وەك کارەکتەی کەسی سەرەکی یاسای گشتی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت. ئەم پرانسیپە یاساییانە بۆ هەموو تاکەکان دانراون و لە هەموو کات

[1] Stewart, Kerry. "Just war and terrorism: a new policy perspective, (2011): 216.

[2] Gomes, Keith Jude. "A Comparative Grammar of Just War: Contrasting Augustinian Christian and Vedic Hindu Worldviews." PhD diss., Carleton University, 2014:87.

و سەردەمێکدا شیاوی پەیڕەوکردنن. تێزەکەی هۆگۆ پەیوەست بە بنەماکانی یاسای جەنگ جێبەجێ دەبن بەسەر تەواوی نەتەوە جیاوازەکان، کارەکانی ئەو بە قۆناغێکی جیاکەرەوەو گرنگ وێنا دەکرێن. چونکە بەیەکەم تیۆردارێژەر دادەنرێت کە دیدێکی نائاینی بە تیۆری جەنگی ڕەوا بەخشیوە. بەشێوەیەکی گشتی جەنگی لە چوارچێوەیەکی تەواو سیاسی لێکداوەتەوە. ئەم قۆناغە وا دەخوێنرێتەوە کە پێگەی ئاینی لە هەناوی ئەم تیۆرەدا بەرەو لاوازبوون هەنگاوی ناوەو لە جێگەی ئەودا، سەروەری دەوڵەتان جێگەی گرتۆتەوە. واتا هۆگۆ دژی لێکدانەوەی ئەم تیۆرە بوو لە چوارچێوەیەکی ئاینیدا، کە لە پێش ئەودا زۆر جەختی لەسەر دەکرایەوە. ئەمەش ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی لە داڕشتنی یاسای نێودەوڵەتی و گۆڕانکاریکردن لە بنەماو پرانسیپە کلاسیکەکاندا.[(١)] ئەو بە دامەزرێنەری بنەمای پارێزبەندی شەڕنەکەر (مەدەنی) دادەنرێت (noncombatant immunity) کە لە قۆناغەکانی دواتردا وەك بەشێکی گرنگ لە تیۆری جەنگی ڕەوا جەختی لەسەر دەکرایەو، پێی وایە لە ڕوانگەی لیبرالیەتیەوە، مەدەنیەکان بە تەواوەتی کەسانی بێ تاوانن لە ململانێکاندا و ئازاردانیان کارێکی باش نیە.[(٢)]

گرۆشیویس جیاوازی دەکات لە نێوان جەنگی تایبەت و گشتی و تێکەڵ. جەنگی تایبەت ئەو جەنگەیە کە دێتەکایەوە لە ڕێگەی کەسە تایبەتەکانەوە بە بێ بوونی دەسەڵاتی گشتی دەوڵەت.[(٣)] بۆیە ئەم جۆرە لە جەنگ ڕێگەدراو نیە، تەنها لە حاڵەتی هەڕەشە بۆ بوونی ئەو کەسە نەبێت. بەپێچەوانەوە، جەنگی گشتی جێبەجێدەکرێت لە ڕێگەی کەسێکەوە کە هەڵگر و خاوەنی هێزی سەروەرییە. هەروەها جۆری سێیەمیش خۆی دەبینێتەوە لە بەشێك لە ئیرادەی کەسی و بەشێکی تر لە دەسەڵاتی خاوەن سەروەری.[(٤)] ئەم بیرمەندە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جەنگ دەبێت گشتی بێت و لەلایەن دەسەڵاتی سەروەرییەوە بڕیاری لێبدرێت. لای گرۆشیویس چوار هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ جەنگێکی ڕەوا ئەوانیش وەك بەرگریکردن لە خود (Self-defence)، سەپاندنی ماف، داواکاری قەرەبووکردنەوە بۆ بریندارەکان و سزادانی سەرپێچیکەران، لە ڕێگەی ئەو بنەمایانەوە وێنای بۆ جەنگ کردوە وەك جەنگێکی ڕەوا.[(٥)] هەروەها هۆگۆ کاری لەسەر سنووردارکردنی مافی چوونە جەنگی دەوڵەتان لە پێناو ئامانجی سیاسیی کردوە لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە ئامانجی هاوبەشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بۆیە ئەمەش بەسەرەتای ئایدیای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دادەنرێت کە ئەو لەو قۆناغەدا کاری لەسەر کردووە. دەکرێت بگوترێت کە بیرکردنەوە و گریمانەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا لەگەڵ یاسای جەنگ و یاسای نێودەوڵەتی ڕەنگدانەوەی یەکترن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەیەکەوە

---

(1) James Turner Johnson, Ethics and the Use of Force: Just War in a Historical Perspective (Ashgate, 2011).

(2) Best, Geoffrey. War and Law since 1945. Oxford University Press, 1997:26.

(3) Grotius, Hugo. The rights of war and peace: Including the law of nature and of nations. MW Dunne, 1901:55.

(4) Ibid,:56.

(5) Ibid,:58.

گرێدراون. ئەمەش وای کردوە ئەم تیۆرە تەنها لە سنووری ئاینی نەمێنێتەوەو پەلوپۆبهاوێت بۆ بوارەکانی تر بە تایبەت ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتیەکان.

### ١-٦ تیۆری جەنگی ڕەوا لە قۆناغی هاوچەرخدا:

تیۆری جەنگی ڕەوا لە قۆناغەدا لە ڕێگەی چەند بیرمەند و تیۆرداڕێژەرێکەوە زیاتر بەرەوپێشەوە چووە، لەم نێوەندەشدا مایکل وۆلزەر بە گەورەترین بیرمەندانی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت لە خستنەڕووی تیۆرییەکی گشتگیرو هەمەلایەنەی لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە نەریتی ئاگۆستین و بیرمەندانی کلاسیکی. هەروەها بەهەمان شێوە هەنگاوێکی تری بەرەو پێشەوەبرد. دووبارە پێداچوونەوە و ژیانەوەی ئەم تیۆرە لەم قۆناغەدا دەکرێت پەیوەندی داربێت بێت بە کۆمەلێك گۆڕانکاری پەیوەست بە خودی ئەم قۆناغە. لە پێناو ئەم مەبەستەدا دەکرێت ئاماژە بە چەند هۆکارێك بدرێت، کە لەلایەن توێژەر (Anthony F. Lang, Jr) خراوەنەڕوو، ئەنتۆنی باس لە سێ هۆکاری سەرەکی دەکات لە ژیانەوەی ئەم تیۆرەدا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا. یەکەم هۆکار پەیوەستە بە شکستی یاسای نێودەوڵەتی لە بەڕێوەبردنی بەرپابوونی هەردوو جەنگی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکارێك بۆ دووبارە پێویستی گەڕانەوە بۆ ئەلتەرناتیڤێك بۆ نۆرم و ڕێسایەك کە جەنگ سنووردار و ڕێکبخات. هۆکاری دووەم پەیوەستە بە بوونی ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی و ژینگەی جەنگی سارد وای کرد، کە ژمارەیەك لە تیۆرداڕێژەران بگەڕێنەوە بۆ تیۆرە کلاسیکیەکان. سێیەم هۆکاریش پەیوەستە بە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بزوتنەوە شۆرشگێریەکان و هێزە چەکدارییەکانی دژ بە کۆلۆنیالیزم. ئەم بزوتنەوانەی لەم قۆناغەدا دروست بوون بوونە ڕێگریەك بۆ یاسای نێودەوڵەتی کە تێدا جەختیان لە مافی چارەی خۆنووسین دەکردووە شێوازوتەکتیکی شەڕی وایان بەکاردەهێنا کە ڕێکنەخرابوو لە چوارچێوەی یاسا و نۆرمە نێودەوڵەتیەکان.[1] دەرئەنجامی سەرهەڵدانی ڕووداوەکان، گۆڕانکاری لە تیۆر و سیستەمەکانیش دروست دەکات و دواجار بەشێك لە تیز و بیرکردنەوەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، لەهەمانکاتدا ئەمەش بە واتای ئەوە نایەت کە بەتەواوەتی دابڕابێت لە قۆناغەکانی پێش خۆی. بەڵام لەم قۆناغەدا دۆخی ڕاستەقینەی ئەم تیۆرە دەست پێدەکات، کە هۆکار و پاساوی سەرەکی جەنگ بریتیە لە وەڵامدانەوەی تاوانی دەستدرێژیکار دژ بە دەوڵەتی نەتەوەیی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

### ١-٦-١ مایکل وۆلزەر (Michael Walzer):

لە قۆناغی نوێدا، وۆلزەر بە خاوەنی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت کە دووبارە بە گفتوگۆ و پاساوی تازە گریمانە و تێڕوانینەکانی تیۆری جەنگی ڕەوای شیکردۆتەوە. ئاشکرایە جەنگی ڤێتنام و بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن ئەمەریکاوە، قۆناغێکی نوێی هێنایە کایەوە لەسەر بنەما و

(1) Lang Jr, Anthony F. "Authority and the Problem of Non-state Actors." In Ethics, Authority, and War, pp. 47-72. Palgrave Macmillan US, 2009: 53.

تیۆرەکانی مۆراڵ وەك بنەمایەکی گشتی لەڕەوایەتیدان بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی. هەر لەو کاتەوە دیبەیت و تێروانینی جیاواز لە سەر ئاستی ڕای گشتی و سکۆلەرانی ئەم بوارە دروست بوو، دیدو تێڕوانینەکانی وۆلزەر بەشێکی گرنگی ئەو قۆناغە بوون. وۆلزەر بە یەکێك لە کاریگەرترین تیۆرداڕێژەرانی سەدەی بیستەم دادەنرێت، لە یەکێك لە کتێبە دیارو گرنگەکانی لە ژێر ناونیشانی جەنگی ڕەواو ناڕەوا (just and unjust wars) لە ساڵی 1977 پرانسیپە سەرەکیەکانی ئەم تیۆرەی داڕشتوە. چۆنیەتی ڕەوایەتی جەنگ تەوەرەی سەرەکی تیۆری وۆلزەر پێکدەهێنێ، کە بە یەکێك لە دیارترین تیۆرەکانی بواری فەلسەفەی ئەخلاق و سیاسەت دادەنرێت. لێرەدا ئاماژە بە پێگەی ئەو دەکەین لە تیۆری جەنگی ڕەوادا، وۆلزەر لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی جەنگ دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە چۆن جەنگ ڕەوایەتی وەردەگرێت و ڕەوا دەبێت. وۆلزەر لە ڕێگەی ئەم کتێبەیەوە، گۆڕان و چاکسازی لە تیۆری جەنگی ڕەوا دا کردوە، کە دواتر گەلێك مشتومڕو ڕەخنەو ڕاڤەکردنی بەربڵاوی لەسەر کراوە. وۆلزەر لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆشتووە کە بیرمەندانی جەنگی ڕەوا لەسەری ڕۆشتوون لە سەردەمەکانی ناوەڕاست و نوێ. تیۆری جەنگی ڕەوا لای ئەو بریتیە لە کۆمەڵێك بنەماو پێوەری ئەخلاقی کە ئامراز و ئامانجەکان دیاری دەکات سەبارەت بە بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن دەوڵەتەوە. ئەم پێوەر و بنەمایانە سیفەتی پاپەندیان هەیە، چونکە پشت دەبەستن بە کۆدەنگی و لە پێوەری یاسایی و هزری ئاینی و فەلسەفی و هەروەها لە پەیڕەوی ئەخلاقی جیاوازەوە وەرگیراون.[1]

مافی تاکەکان بە بنەما وەرگیراوە لە تیۆری وۆلزەر بۆ جەنگی ڕەوا لەبەرئەوەی مافەکانی دەوڵەت لە مافەکانی هاووڵاتیانەوە وەرگیراوە، هەر وەکو دەڵێت "مافەکانی دەوڵەت و ئەرکەکانی لەوە زیاتر نیە کە تەنها بریتیە لە ماف و ئەرکەکانی ئەو کەسانەی کە پێکیدەهێنن"، مافەکانی تاکەکان بۆ ژیان و ئازادی وەردەگێردرێتە سەر مافەکانی نیشتمان لە سەرووەری سیاسی و یەکپارچەی خاکی دەوڵەت. بۆیە هەر دوژمنکاریەك بۆسەر کۆمەڵگایەك دوژمنکاریە بۆ سەر مافەکانیان، لە دەرئەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی پاساوی جەنگی بەرگری کردن.[2] یەکێك لەو هۆکارە گرنگانەی کە وۆلزەر جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە، کە دەبێت پاساوێکی ڕەوا هەبێت بۆ ئەوەی جەنگێك بە ڕەوا وێنا بکرێت. بەکارهێنانی هێز لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا سنوردار دەبێت بە مەرج و بارودۆخی دیاریکراو بڕیاری لەسەر بدرێت. چونکە وۆلزەر تیۆری شەڕانگێزی (Aggressive theory) بۆ جەنگ ڕەتدەکاتەوە، کە دەبێتە هۆکارێك بۆ کوشتن و وێرانکردنێکی زۆر. چونکە ئەم مۆدێلە لە جەنگ پەیوەست نیە بە بوونی هیچ بنەمایەکی یاسای و مۆڕالی، بەڵکو تەنها لە پێناو دەسکەوتنی خاك و سەپاندنی هەژموندا بە لای وۆلزەر جەنگ بریتیە لە نێوان دوو بژاردە ئەوانیش جەنگی ڕەوا و ناڕەوایە، بە واتایەکی تر بژاردەی سێیەم بوونی نیە لە تێروانین و بۆچوونەکانی ئەودا.

[1] Walzer, Michael. Just and unjust wars: 44.

[2] Ibid: 51.

## بەشی دووەم
## پرانسیپەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا

### ٢-١ دەسپێک:

تیۆری جەنگی ڕەوا بە یەکێك لەو تیۆرە سەرەکیانە دادەنرێت کە جەنگ وەك دیاردەیەکی مرۆیی لەگەڵ فەلسەفەی ئەخلاقدا یەکانگیر دەبێت. ئامانجی ئەمەش بریتیە لە سنورادنان و خراپ بەکارنەهێنانی هێز لە نێوان گەل و نەتەوە و بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا. بۆ ئەوەی هەمیشە کردەی جەنگ کە بۆ بەرژەوەندی سیاسی نەتەوەیەك بەکار نەهێنرێت، ئەم تیۆرە لە قۆناغە سەرەتایەکانی و دواتریش دا، ئەگەر بە شێوەی سنورداریش بێت چەندین بنەما و پرانسیپی سەرەکی لەخۆگرتووە. دەکرێت باس لەوە بکرێت کە بەپێی گەشەسەندنی ئەم تیۆرە و فراوانبوونی تێگەیشتنە جیاوازەکان بۆ چەمکی بەکارهێنانی هێز و دەستێوەردانە مرۆییەکان، بنەما و پرانسیپەکانی گشتگیرتر و گەشەسەندووتر بوون. لەم نێوەندەشدا، چەمکی ئاسایش و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و بە جیهانی بوونی ئەو چەمکانە بە یەکێك لە هۆکارە دیارەکانی گشتگیری پرانسیپەکانی ئەم تیۆرە دادەنرێت. بیرمەندانی کلاسیك و تارادەیەك توێژەرانی هاوچەرخیش کۆکن لەسەر ئەوەی، کە تیۆری جەنگی ڕەوا کۆمەڵێك بنەمای گرنگ لە خۆدەگرێت، لە پێناو ئەوەی لە بارودۆخێکی دیاریکرا و سنووردا بڕیار لەسەر جەنگ بدرێت و چوارچێوەیەکی مۆڕاڵی هەبێت. لەم بەشەدا وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی دەدرێتەوە وەک: بۆچی هێز بەکاردەهێنرێت؟ کێ دەسەڵاتی بەکارهێنانی هێزی هەیە؟ چ کاتێک دەکرێت هێز بەکاربهێنرێت؟ ئاستی بەکارهێنانی هێز چۆن دەبێت؟ هەروەها چۆن ئەو هێزە بەکاردەهێنرێت؟ بەشێوەیەکی گشتی، بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا سێ بنەمای سەرەکی لە خۆدەگرن، بۆیە لەم بەشەدا گرنگترین بنەماکانی ئەم تیۆرە بە تێگەیشتن و ئارگیۆمێنتە جیاوازەکان دەخرێتەڕوو:

### ٢-٢ بنەمای یەکەم: ڕەوایەتی چوونە جەنگەوە (jus ad bellum ):

چەمکی (jus ad bellum) چەمکێکی لاتینیە، کە پاڵنەرەکانی مافی چوونە جەنگی تێدا جێگەبۆتەوە، واتا ئەم بنەمایە پەیوەستە بە دروستکەرانی بڕیارەوە بۆ بڕیاردان لەسەر جەنگ و بەکارهێنانی هێز دژی دەوڵەتێکی تر. لێرەدا وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی دەدرێتەوە ئەویش ئەوەیە، کە لە چ کاتێکدا جەنگ لەڕووی ئەخلاقیەوە قبوڵکراوە؟ ڕەهەندەکانی ئەم پرانسیپە پەیوەستن بە پێش دەست پێکردنی جەنگ، کە پێویستە پایەکانی ئەم بنەمایە گونجاوبن بۆ بڕیاڕدان و ڕاگەیاندنی جەنگ. هەر کاتێك ئەم پرانسیپانە هەبوون ئەوا ئەو جەنگە لە ڕووی ئەخلاقیەوە و زۆرکات لە ڕوانگەی یاسایشەوە ڕێگەپێدراو دەبێت. هەر لێرەشەوە جیاکاری تیۆری جەنگی ڕەوا لە شێوازەکانی تری بەکارهێنانی هێز وەك دەستدرێژیکەر و دوژمنکارانە جیادەکرێتەوە. دەکرێت بگوترێت بەشێکی زۆری مەرج و تێزەکانی ئەم تیۆرە لە ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان و یاسای نێودەوڵەتی بە چڕی ڕەنگیان داوەتەوە. بە پێیی ئەم تیۆرە، پێویستە بەرپاکردنی جەنگ لە سەر پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایانە

بوەستێ. گرنگترین پرانسیپەکانی ئەم قۆناغەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ۲-۲-۱ هۆکارێکی ڕەوا (Just cause):

یەکەمین بنەما بۆ ڕوودانی جەنگ لە هۆکارێکی ڕەواوە دەستپێدەکات بۆ دەستەبەرکردنی جەنگێکی ڕەوا، کە تیایدا پێویستە سنور و ئامانجی جەنگ پارێزراوبێت. لەڕووی مێژوویەوە، هۆکارێکی ڕەوا بە کۆنترین ڕەگەز و بنەمای تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت.[١] یەکێك لە سکۆلەرە ناسراوەکانی ئەم بوارە جێف ماکماهان (Jeff McMahan) ڕای وایە، ئەگەر هۆکارێکی ڕەوا نەبێت بۆ جەنگ، ئەوا مەرجی پێوانەیی و سەرەکی تێدا بوونی نیە کە کردە و دەستێوەردانی سەربازی بە جەنگێکی ڕەوا لە قەڵەم بدرێت[٢].هەروەها مکماهان بەم شێوەیە باسی دەکات "جەنگ وەك ئەوەی تێگەیشتووم لێرەدا، بەشداریەکی پێویستە لە کوشتن و برینداربوون لە ئاستێکی گەورەدا، هۆکارێکی ڕەوا دەبێ ببێتە ئامانجی ئەم جۆرە لە ڕەوایەتی پێدانی کوشتن، تەنها ئامانجەکان تەواو گرنگن کە ڕەوایەتی دەدەن بە کوشتن بۆ هۆکاری ڕەوا.[٣] بنەمای هۆکارێکی ڕەوا چەندین ڕوانگە و تێگەیشتنی جیاوازی هەیە. یەکێك لە تێگەیشتنە سەرەکیەکان بۆ ئەم بنەمایە ئاماژەیە بۆ بوونی ئامانجێکی باڵا بۆ چوونە جەنگەوە[٤]. هەروەها توێژەر فرانسیس کام (Frances Kamm) پێناسەی ئەم بنەمایە دەکات بەبوونی کۆمەڵێك ئامانجی سنووردار کە ناودەبرێت بە هۆکاری ڕەوا، کە تێدا ڕەوایەتی دەستپێکردنی جەنگ دەکات.[٥] وەك ئەوەی وۆڵزەر بە کارێکی دوژمنکارانە (Aggressive) وەسفی دەکات، کە پێویستی بە وەڵامدانەوە دەبێت.[٦] وۆڵزەر پێ وایە تاکە هۆکار بۆ پەنابردنە بەر جەنگ بریتیە لە بەرگریکردن لە دوژمنکاری، کە خۆی دەبینێتەوە لە پێشێلکردنێکی یەکێتی خاك و سەروەری سیاسی دەوڵەت. هەروەها ئاماژە دەکات بەوەی کە هەموو کارە دوژمنکاریەکان یەك تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە ئەویش بریتیە لە سروشتێکی توندوتیژی، بۆیە لە هەردوو ڕوانگەی ئەخلاقی و مادیەوە ڕەوایەتی دەدات بە بەرگری چەکداری.[٧] وەك دەردەکەوێت چەمکی دەستدرێژی بە سەنتەری تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت، کە مافی بەرگری ڕەوا دێنێتەکایەوە. ئەمەش لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا ڕێکخراوە و ڕێگا بە وولاتان دراوە کە بەرگری لە خاك و سەروەریەکانی خۆیان بکەن. وەك لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم تیۆرەدا هۆکارێکی ڕەوا بە تێگەیشتن لە بەرگریکردن لەخود

(1) Smith, Eric. "Just War Theory and Armed Non-State Actors." PhD diss. Auburn University, 2015:26.

(2) McMahan, Jeff. "Just cause for war." Ethics & International Affairs 19, no. 3 (2005): 1-21.

(3) Ibid,:11.

(4) Steinhoff, Uwe. "Just Cause and 'Right Intention'." Journal of Military Ethics 13, no. 1 (2014): 32-48.

(5) Kamm, Frances Myrna. Ethics for Enemies: Terror, Torture, and War. Oxford University Press, 2011:119.

(6) Walzer, Just and Unjust Wars: 51-53.

(7) Ibid,:52.

بەرامبەردەستدرێژکردن وێناکراوە. بۆیە تەنها لە بوونی هۆکارێکی ڕەوا، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە پێشێلکاریەکی گەورە بۆ سەر ژیانی تاکەکان بڕیار لەسەر جەنگ دەدرێت.

### ٢-٢-٢ نیەتێکی دروست (Right intention):

بە یەکێك لە بنەما کلاسیکەکانی ئەم تیۆرە دادەنرێت، کە ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگە و تێگەیشتنەکانی ئاگۆستین. نیەتێکی ڕاست بە یەکێك لە خاسیەتە سەرەکیەکانی ڕەوایەتی دان بە جەنگ دادەنرێت. هەر وەك تیۆرداڕێژەری جەنگی ڕەوا ئاگوستین دەڵێن جەنگ کاتێك بە ڕەوا دادەنرێت کە جەنگ بێت لەپێناو نیەتێکی دروستدا، بۆیە ئەم بنەمایە پەیوەستە بە بەدیهێنان و دەستەبەرکردنێکی سیستەمێکی دادپەروەروئاشتیخواز[١]، ئەمەش لە پێناو وەڵامدانەوەی هەموو ئەم نیگەرانیانەی کە بوونیان هەیە دەربارەی نیەتێکی خراپ لە پشت دەستپێکردنی جەنگەوە. نیەتی دروست بە هەڵسەنگاندنی پاڵنەرەکانی سەرکردەکان و ئامراز و ئامانجەکانی جەنگ دەست پێدەکات.[٢] هەروەها بە هەمانشێوەی ئاگۆستین، ئەکوینی نیەتێکی ڕاستی بە سێیەم بنەمای تیۆری جەنگی ڕەوا داناوە لە پێناو هاندانی کاری باشدا.[٣] بەم شێوەیە دەبینین، کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان هۆکارێکی ڕەواو بوونی نیەتێکی دروستدا.

بەپێی ئەم بنەمایە بێت ناکرێت جەنگ بڕیاری لێبدرێت لە پێناو بەرژەوەندیەکی تایبەت، بەڵکو دەبێت نیەتێك هەبێت بۆ کۆتایی پێهێنانی توندوتیژی و پاراستنی تاکەکان لە دەستدرێژی و جینۆساید و کۆمەڵکوژی. هەروەها بوونی نیەتێکی دروست ڕاستەوخۆ پەیوەندیدار دەبێت بە قۆناغەکانی دوای خۆی، کە تێدا جەنگ کۆتایی پێ دێت. لەم بنەمایەدا دەکرێت ئاماژە بە دوو چەمکی سەرەکی بدرێت ئەوانیش دەستەبەرکردنی ئاشتی و دادپەروەریە. ئەمەش لە سەرەتای ئەم تیۆرەدا جێگەی کراوەتەوە، بە تایبەت لە تێزو بیرکردنەوەکانی ئاگۆستیندا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت.[٤] نیەت لە شەڕدا دوو ڕووی پێشەکی و پاشەکی هەیە، نیەتەکە پێشەکییە بەو هەستەی کە کردارەکان لە جەنگدا هاوتابن لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکان. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ پشکنینی پلان و تاکتیکەکانی جەنگەکە. نیتەکە پاشەکییە بەو هەستەی کە دەتوانین ببینین لە ڕەفتارەکانی جەنگاوەردا لە جەنگدا، کە ئایا یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکاندا. ئەگەر کردارەکانی جەنگاوەر پێنەدەچوو یەکبگرێتەوە لەگەڵ ئامانجەکانی جەنگاوەردا ئەوا هۆکارێکی گونجاومان هەیە، کە وادا بنێن جەنگاوەرەکە ئامانجێکی هەڵە (دروستکراو)ی بۆ خۆی داناوە لە جەنگەکەدا. [٥] یاخود زۆرکات ئاماژە بە دوو ڕەگەزی سەرەکی ئەم بنەمایە دەکرێت: یەکەم، پەیوەستە بەو ئامانجانەی بەهۆی جەنگەکەوە

---

[1] Cole, Darrell. "War and intention." Journal of Military Ethics 10, no. 3 (2011): 174.
[2] Smith, Eric. "Just War Theory and Armed Non-State Actors, 2015:263.
[3] Kellison, Rosemary. Expanding responsibility for the just war: a feminist critique. Cambridge University Press, 2018:107.
[4] Murphy, James G. "Just War Thought and the Notion of Peace." In The Nature of Peace and the Morality of Armed Conflict, pp. 105-122. Palgrave Macmillan, Cham, 2017.
[5] Cole, Darrell. "War and intention.":188.

دێنەدی، واتا لە کۆتایدا ئاشتی دەستەبەر دەکرێت، ڕەگەزی دووەمیش خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە کێ بڕیار لە جەنگ دەدات.[١] دەکرێت ئەو مەرجە ببەسترێتەوە بە بوونی دەرئەنجامێکی باشەوە. ئەم بنەمایە ڕەهەندێکی داهاتووی تێدایە بۆیە دەبێت ئەم نییەتە خۆی ببینێتەوە لە دەستەبەرکردنی ئاشتی و پرۆسەی بوونیادنانەوە و دادگایکردنی تاوانبارانی جەنگ لە ڕێگەی دامەزراوە یاسایە نێودەوڵەتیەکان. لەم چوارچێوەیەدا نیەت بریتیە لە پرۆژە و ئامادەبوون لە دونیای پاش قۆناغی جەنگ. بۆیە بەشێکی زۆری توێژەران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەگەر نیەتێکی دروست لە سەرەتاوە نەبێت بۆ جەنگ ئەگەر دەرئەنجامەکانیشی باش بن، ئەوا لە ڕووی مۆڕاڵیەوە بە کردەیەکی باش و دروست دانانرێت.[٢]

### ٣-٢-٢ ئەگەری سەرکەوتن (likelihood of success):

ئەم بنەمایە پەیوەستە بە بوونی سەرکەوتن و زیانەکانی جەنگ، کە دەبێت بە جۆرێك بێت دەرفەتی سەرکەوتن بە تەواوەتی تێدا یەکلای کرابێتەوە، ئەمەش واتا لە ڕێگەی ئەو جەنگەوە دەکرێت کۆتای بە پێشێلکاریەکان و توندوتیژیەکان بهێنێت نەك ببێتە هۆکارێك بۆ زیان و توندوتیژی زیاتر.[٣] ئەگەرچی پێشبینی کردنی ئەم بنەمایە کارێکی قورسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لە پێش بڕیاڕدان لە جەنگ بیری لێبکرێتەوە، وەك لەم بارەیەوە پاول ڕامزی (Paul Ramsey) وەك یەکێك لە گەورەترین بیرمەندانی تیۆری جەنگی ڕەوا لە یەکێك لە توێژینەوەکانی جەختی لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دروستکەرانی بڕیار دەبێت توانای پێشبینیکردنی ڕادەی سەرکەوتنیان هەبێت، ئەو تەنها باس لە پێشبینی دەکات نەك چەمکی گرێنتی ئەو سەرکەوتنە.[٤] بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە لەم بنەمایەدا، ئەوەیە کە چۆن چەمکی سەرکەوتن ڕون دەکرێتەوە، بەهۆی بەشداری لایەنە جیاوازەکانەوە هەمیشە جۆرێك لە ناڕۆشنی پەیوەست دەبێت بە خودی ئەم بنەمایەوە. بۆیە هەمیشە ئەم بابەتە جێگەی پرسیارە، ئایا لە ڕاستیدا ئەو جەنگەی کە بڕیاری لەسەر دەدرێت دەرفەتی ئەوەی تێدایە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو کۆتای پێبێت.

ماری کاڵدۆر پشتگیری ئەو ڕایە دەکات کە لەم قۆناغەی ناودەبرێت بە قۆناغی جەنگە نوێیەکان، تێدا پشت بە نوێترین و پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیا دەبەسترێت و چەمکی سەرکەوتن تاڕادەیەکی زۆر ناڕوون و دیاری نەکراوە. چونکە ئەگەر لە ڕابردوودا پێوانەی سەرکەوتن بە ئامانجی سەربازی بووبێت، کە تا چ ڕادەیەک لایەنەکان لە ڕووی سەربازیەوە سەرکەوتوو دەبن، بەڵام لە قۆناغی ئەمڕۆدا ئەم تێگەیشتنە گۆڕانکاری سەرەکی بەسەردا هاتووە. [٥] بۆیە ناتوانرێت سەرکەوتنی

[1] Kellison, Rosemary. Expanding responsibility for the just war: a feminist critique, 2018:105.
[2] Cole, Darrell. "War and intention.": 187.
[3] Hurka, Thomas. "Proportionality in the Morality of War." Philosophy & Public Affairs 33, no. 1 (2005): 34-66.
[4] Ramsey, Paul. The just war: force and political responsibility. Rowman & Littlefield, 2002.
[5] Harbour, Frances V. "Reasonable probability of success as a moral criterion in the western just war tradition." Journal of Military Ethics 10, no. 3 (2011): 23٤.

سەربازی بە پێوەری سەرەکی دابنرێت، چونکە سەرکەوتنی سەربازی زۆرکات دەستەبەری ئاشتی و ئاسایش بە تێگەیشتنە فراوانەکە ناکات، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئاشتیەکی ڕەواو ئاسایشی مرۆیی. بە گشتی ئەم بنەمایە پەیوەستە بە بوونی ئەو دەرئەنجامانەی کە لەو جەنگە دەکەونەوە، دەبێت بە جۆرێك بێت کە کاتێک بڕیار لەسەر جەنگ بدرێت، کە بەرچاو ڕوونی تەواو هەبێت لەسەر هاتنەکایەوەی دەرئەنجامێکی سەرکەوتوو و باش، بەڵام بە پێچەوانە ئەگەر دەرئەنجامێکی سەرکەوتووی نەبێت، ئەوا بێگومان ناکرێت بڕیار لەسەر جەنگ بدرێت.

٤-٢-٢ **کۆتا بژاردە** (Last resort):

پرانسیپی کۆتا بژاردە یەکێکی ترە لە بنەماکان، ئەم بنەمایە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کۆی بژاردەکانی تر بۆ چارەسەرکردن کۆتاییان پێهاتبێت و شکستیان هێنابێت لە چارەسەرکردنی گرفتەکەدا، لێرەدا زیاتر مەبەستی بژاردە نا سەربازییەکانە (Non-Military Options). هەر لە کۆنەوە بیرمەندی ڕۆمانی شیشرۆن ئەو بۆچوونە دەخاتەڕوو کە لە هەلومەرجێك کە چیتر گفتوگۆ و دانوساندن ناکرێت بەکارهێنانی هێز دەبێتە پێویستی.[1] بۆیە کۆتا بژاردە وەک ناچاری سەربازی (Military necessity) سەیر دەکرێت. جێف ماکماهان ڕای دەگەیەنێت کە چوارەم پرانسیپ لە بنەمای (jus ad bellum) بریتیە لە کۆتا بژاردە.[2] ئەم پرانسیپە ڕێگری لە دروستکەرانی بڕیار دەکات، کە ڕاستەوخۆ نەچنە جەنگەوە، بەڵکو دەرفەت بە لایەنەکان بدرێت بۆ ئەوەی سوود لە بژاردەکانی تر وەربگرن بە تایبەت بژاردەی پەیوەندی دیپلۆماسی. واتا کاتێك کە دەگوترێت دوا بژاردە، مەبەست لەوەیە کە کۆی بژاردەکانی تر تاقی کرابێتنەوە تا دەگاتە سەپاندنی سزای ئابووریش. بە مانایەکی دیکە، لە هەندێك بارودۆخدا، بژاردەکانی تر زۆر زیاتر مەترسیان لێدەکەوێتەوە و مەدەنیەکان زیاتر ڕووبەڕووی قوربانی دەبنەوە، لەوکاتەدا جەنگ دەبێت تاکە بژاردە بۆ ڕێگری کردن لە کارەساتی مرۆیی زیاتر. ئەم بنەمایەش دەبێتە هۆکارێك بۆ سنووردداربوون و کەمکردنەوەی جەنگ و دەستێوەردانەکان، کە تەنها لە حاڵەتی دیاریکراو سنووردار بڕیاری لەسەر بدرێت. هەر وەك مایکل وۆلزەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت پێش بڕیاردان و چوونە جەنگەوە کۆی ڕێگە دیپلۆماسیەکان تاقی کرابنەوە، ودڵنیایی ئەوە هەبێت کە جەنگ کۆتا بژاردەیە.[3] هەروەها بەهەمان شێوە، تۆماس هورکا (Thomas Hurka A) پێی وایە کە جەنگ پێویستە دوا بژاردە بێت بۆ ئەوەی بە جەنگێکی ڕەوا دابنرێت.[4]

---

(1) Mattox, John Mark. St. Augustine and the Theory of Just War. A&C Black, 2006:15.

(2) Aloyo, Eamon. "Just war theory and the last of last resort." Ethics & International Affairs 29, no. 2 (2015): 190.

(3) Walzer, Just And Unjust Wars: 85.

(4) Hurka, Thomas. "Proportionality in the Morality of War.", (2005): 34.

**٢-٢-٥ دەسەڵاتێكی شەرعی** (Legitimate Authority):

دەسەڵاتی شەرعی ئەو كەس و لایەنانە دەگرێتەوە كە بڕیار لەسەر جەنگ دەدەن، بە یەكێك لە بنەما سەرەكیە كلاسیكی و هاوچەرخەكان دادەنرێت. دەبێت دەسەڵاتێكی شەرعی ڕێگەپێدراو هەبێت بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ ئەمەش لە پێناو ئەوەی بڕیاری جەنگ تاك لایەنە نەبێت و بەشێوەیەك بێت شەرعیەت وەربگرێت.[1] لەم چوارچێوەیەدا، لێپرساویەتی لە جۆراوجۆری تاكەكانەوە دەگوازرێتەوە بۆ كۆمەڵ و دەستەیەكی باڵاتر.[2] بیرمەندانی لایەنگرانی ئەم تیۆرە باوەڕیان وایە كە دەستێوەردانەكان نابێت تاك لایەنانە بن، بەڵكو بەشێوەیەك بێت شەرعی بوونی بڕیارەكە لە ڕێگەی كۆمەڵەوە دەستەبەر بكرێت، واتا جۆرێك لە كۆدەنگی هەبێت لە نێوان ئەندامانی كۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا،[3] چونكە جەنگ پرسێكی گشتیە و نابێت بە تەنها دەوڵەتێك بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەمەش دەبێت چوارچێوەیەكی یاسای هەبێت و پشتگیریكراو بێت بە یاسای نێودەوڵەتی. لەڕێگەی ئەو دەسەڵاتەوە، لە هۆكار و بنەمایەكانی تریش بكۆڵدرێتەوە لە پێناو گەیشت بە بڕیارێكی دروست و ڕەوادا. یەكێك لە ڕێگەكانی سنووردراركردنی جەنگ و خراپ بەكارهێنانی ئەوەیە، كە خۆی ببینێتەوە لە دەسەڵاتێكی پەیوەست بە ڕەزامەندی و ڕێكەوتنی گشتیەوە لە پێناو جێبەجێكردنی بنەما و پرانسیپەكانی تریشدا. چونكە لە ئێستادا بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ڕێگری كردن لە كوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی و جینۆساید و تاوانی جەنگ.

چەمكی دەسەڵات لە تیۆری جەنگی ڕەوادا بابەتێكی ئاڵۆزە، بۆیە دید و تێڕوانینی جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتە كێیە كە بڕیار لە جەنگ و دەستێوەردان دەدات. لەم بارەیەوە زۆركات ئاماژە بە دەوڵەت دەكرێت بۆ بڕیاردانی چوونە جەنگەوە، بە تایبەت لە تێڕوانینە كلاسیكیەكاندا بە تەنها جەخت لەسەر بە سەنتەربوونی دەوڵەت و سەروەرییەكەی كراوەتەوە. بەڵام لە تێڕوانینە مۆدێرنەكاندا قسە لەسەر كارەكتەری تریش جگە لە دەوڵەت دەكرێت وەك بەشێكی زۆری توێژەران جەختیان لەسەر كردۆتەوە، كە دەسەڵاتی یاسایی بۆ ئەم پرسە لە ئێستادا خۆی دەبینێتەوە لە نەتەوەیەكگرتووەكان وەك دەسەڵاتێكی گشتی. هەروەها سەرباری ئەم ڕێكخراوە جیهانیە، بەشێكی تر لە شیكەرەوان باس لە چەند دەسەڵاتێكی سیاسی هەرێمی و نێودەوڵەتی تر دەكەن كە بەشدار دەبن لە ڕاگەیاندنی جەنگ وەك یەكێتی ئەوروپا.[4] بەڵام ئەم بنەمایە زۆر كات ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە لە گەیشت بە بڕیاری كۆدەنگی بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە هەندێك لە كەیسەكانی پەیوەندیدار بە سەرپێچی بنەماكانی مافی مرۆڤ. لێرەدا توێژەران ئاماژە بۆ چەندین كەیس دەكەن

---

[1] Holmes, Robert L. On war and morality. Princeton University Press, 2014:164.

[2] Fabre, Cecile. "Cosmopolitanism, just war theory and legitimate authority." International Affairs 84, no. 5 (2008): 963.

[3] Calhoun, Laurie. "Legitimate authority and "Just War" in the modern world." Peace & Change 27, no. 1 (2002): 37.

[4] Martin, Rex. "Just wars and humanitarian interventions." Journal of social philosophy 36, no. 4 (2005): 450.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێ وەڵام بووە، بۆ نموونە کەیسی پاکتاوی ڕەگەزی لە یوگۆسلاڤیادا (Yugoslavia)، کە تێدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەیتوانی بگاتە بڕیار بۆ دەستێوەردان، هەروەها کەیسی ڕەواندا (Rwandan) کە جێنوساید تێیدا ڕوویدا و نەتوانرا دەستێوەردان بکرێت لە پێناو پارێزگری کردنی هاووڵاتیانی مەدەنی.[1] چونکە بەرژەوەندی نەتەوەی دەوڵەتان ڕاڤەی ڕەفتار و کردەوەکانیان دەکات، بۆیە دەستێوەردانە سەربازیەکان و وەڵامدانەوەکان بە پێی کەیسەکان جیاواز دەبێت.

**٢-٣ بنەمای دووەم: ڕەفتاری جەنگ** (jus in bello ):

چەمکی (jus in bello) لە بنەڕەتدا، چەمکێکی لاتینیە بەکاردەهێنرێت لە تیۆری جەنگی ڕەوا وەك ئاماژەیەك بە دادپەروەری و ڕەفتاری دروست لە مەیدانی جەنگدا. تیۆرداڕێژەری ئەمریکی وۆلزەر گەشەی بە ئەم بنەمایە داوە وەك بەشێکی گرنگ لە تیۆری جەنگی ڕەوادا.[2] ئەم پرانسیپە کار لەسەر چۆنیەتی شێوازی بەڕێوەبردن و ئامرازەکانی جەنگ دەکات، بە واتایەکی تر بە هەمان شێوەی بنەمای یەکەم دەبێت بەڕێوەچوونی جەنگیش دادپەروەری لە خۆ بگرێت. پاش پرانسیپی یەکەم پێویستە بیر لە بەدیهێنانی دادپەروەری بکرێتەوە لە کاتی جەنگدا، ئەم قۆناغە بە ناوەندی پرۆسەی دەستپێکردنی جەنگ وێنا دەکرێت. جەنگی ڕەوا ئەو چوارچێوە ئەخلاقیەیە کە بە تەنها بەکارهێنانی هێز کورتناکرێتەوە لە مافی بەرگری و هۆکارێکی ڕەوا، بەڵکو کۆمەڵێك پێوەری مۆراڵی تر بۆ ڕەوایەتی لە خۆدەگرێت.[3] ئەم بنەمایەش چەند ڕەهەندێکی وەک پارێزبەندی کەسانی مەدەنی و جیاکاری دەگرێتەخۆ کە پێویستە لە کاتی بەڕێوەچوونی جەنگ بوونیان هەبێت. ئامانجی سەرەکی لە پشت ئەم بنەمایەوە بریتیە لە کەمکردنەوەی ململانێ و توندوتیژییە چەکداریەکان لە پێناو پاراستی هاووڵاتیانی مەدەنی. زۆر کات ئەم پرانسیپەی تیۆری جەنگی ڕەوا بە یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری ( law of armed conflict) یاخود یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی (International Humanitarian Law) دەناسێنرێت. چونکە بنەماکانی (jus in bello) بوونەتە بەشێک لە یاسای نێودەوڵەتی، کە بە ڕێکەوتنامەی (جنێڤ) ی ساڵی 1864 دەستپێدەکات و هەریەکە لە ڕێکەوتنامەکانی دواتری جنێڤ و لاهای و پەیڕەوی ڕۆمای دادگای دادی نێودەوڵەتی لە خۆدەگرێت.[4] ئەوەی دەردەکەوێت لەم قۆناغەدا پەیوەندی دارە بە شەڕکەر و لێپسراوە سەربازیەکان وەک لە سیاسیەکان. سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردە سیاسیەکان پێویستە ڕێگەنەدەن بە هەندێك کاری نامۆراڵی کە ببێتە هۆی پێشێل کردنی ئەم بنەمایە. بەرپرسیاریەتی لایەنە شەڕکەرەکان بە یەکێك لە تەوەرە سەرەکیەکانی ئەم بنەمایە

(1) Merkel, Wolfgang. "Democracy through war?." Democratisation 15, no. 3 (2008): 501.
(2) Orend, Brian. "Just and lawful conduct in war: reflections on Michael Walzer." Law and Philosophy (2001): 1.
(3) Burkhardt, Todd. Just war and human rights: fighting with right intention. SUNY Press, 2017:2.
(4) Morris, Michael C. "Predator Free New Zealand and the 'War'on Pests: Is it a just War?." Journal of Agricultural and Environmental Ethics 33, no. 1 (2020): 98.

دادەنرێت، کە بە جۆرێك دەبێت کردەوەکانیان لە چوارچێوەی ئەو یاسا و بنەمایانە دابن کە ئەم پرانسیپە بایەخیان پێدەدات، لەم ڕوانگەوە خاڵی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لە جیاکردنەوەی ئامانجی مەدەنی و ئامانجی سەربازی. دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کەبەرپرسیاریەتی لە نێوان بنەمای یەکەم و دووەمدا جیاوازە، لەبەرئەوەی لە دووەمدا پەیوەستە بە ئامراز و شێوازی بەڕێوەچوونی جەنگ، بەشێکی زۆری لێپرسراویەتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی لایەنە چەکدار و بەرپرسە سەربازیەکان،[1] لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە گرنگترین ئەو پرانسیپان بدەین کە ئەم بنەمایە دەیانگرێتەخۆ:

**٢-٣-١ جیاکاری** (Discrimination):

ئەم پرانسیپە بە یەکێك لە کۆنترین ڕێسایەکانی بەڕێوەچوونی جەنگ دادەنرێت و خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژە. لە دیدی ۆڵزەرەوە جیاکاری بە گرنگترین بنەمای شێواز و ئامرازی جەنگ دادەنرێت. ئەوەی لە کاتی ئیدارەدانی جەنگدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە بریتیە لە بنەمای جیاوازی کردن لە نێوان خەڵکی مەدەنی لەلایەك و سەرباز و شەڕکەر و بەرپرسانی جەنگ لەلایەکی ترەوە. چونکە هەمیشە خەڵکی مەدەنی پارێزبەندی پاراستنیان هەیە لە کاتی ململانێ چەکدارییەکان، ئەمەش بە بنەمای پارێزبەندی هاووڵاتیانی مەدەنی (Civilian Immunity)،[2] یان پارێزبەندی ناشەڕکەر (noncombatant immunity) وەسف دەکرێت، کە بە هیچ شێوەیەك کەسی مەدەنی نابێت بکرێنە ئامانجی توندوتیژی و بەکارهێنانیان لە ململانێ چەکدارییەکاندا، چونکە خەڵکی مەدەنی لێپرسراویەتی جەنگی لە ئەستۆ نیە. لەم بارەیەوە، هۆگۆ گرویشویس باس لەو ڕیسایە دەکات وەك بەهێزترین بنەما کە ناتوانرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت لەلایەن هیچ هێزێکەوە.[3] چونکە سەرکردەی سیاسیی و فەرماندەی سەربازی و سەربازەکان لێپرسراویەتیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی جەنگ. ئەم بنەمایەش بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زۆرێك لە یاسا و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی وەك ڕێکەوتنامەی جنێڤ (Geneva Convention) لە پێناو پاراستنی خەڵکی مەدەنی لە کاتی جەنگ و ململانێکان، کە نابێت بە هیچ شێوەیەك بکرێنە ئامانج بۆ هەر کەمپینێکی سەربازی. بە مانایەکی تر کەسانی مەدەنی دەبێت بە دوور بن لە هەر دەستدرێژیەك، لە هەمانکاتیشدا توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز ڕێگەپێدراوە بۆ لایەنە شەڕکەر و جەنگاوەرکان.

**٢-٣-٢ بنەمای هاوڕێژە** (Proportionality):

ئەم پرانسیپە پەیوەست نیە بە ڕێژەی تێچوون و قازانجی جەنگەوە، بەڵکو پەیوەندیدارە بە بوونی ماوەی بەکارهێنانی هێز لە کاتی جەنگدا، کە دەبێت بە جۆرێك بێت زیادەڕەوی تێدا نەکرێت لە بەکارهێنانیدا. پێویستە سنورێك هەبێت بۆ بەکارهێنانی هێز و توندوتیژیەکان، بەشێوەیەک نابێت

[1] Orend, Brian. The morality of war. Broadview Press, 2013:107.

[2] See Majima, Shunzo. "Ethics of civilian protection." PhD diss., University of Birmingham, 2011.

[3] Grotius quoted in P. Christopher, the Ethics of War and Peace (Englewood Cliffs, NJ: Prentice Hall, 1994):109.

کاتێکی زۆر بخایەنێت و لە ماوەیەکی دیاریکراودا کۆتایی پێبهێنرێت. واتا دەبێت هێزی سەربازی بەکاربهێنرێت لە ئامانجێکی ڕەوا و دوور لە ئامانجە مەدەنیەکان. وەك چۆن وۆلزەر باوەڕی وایە کە جەنگە ڕەواکان جەنگێکی سنووردارن و چەندین هۆکاری مۆڕاڵی بوونیان هەیە بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت و شەڕکەرەکان، کە بەشێوەیەکی ورد بجەنگن.(١) بنەمای هاورێژە مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا دەکات کە شێوازی بەکارهێنانی هێز دەبێت چۆن بێت. بەگشتی شێواز و ڕێگایەکانی جەنگیش لە خۆدەگرێت، کە ناکرێت ڕێگە قەدەغەکراوەکانی جەنگ بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان پەنایان بۆ ببردرێت. هەروەها بەپێی جۆری ڕووبەڕووبونەوەکان، جۆری چەکی بەکارهاتوو لە جەنگدا دیاری دەکرێت. ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخ خۆی دەبینێتەوە لە شێوازی جەنگ و جۆری ئەو چەکانەی بەکاردەهێنرێن و بەهەموو شێوەیەك دەبێت خۆ بەدوور بگیرێت لە توندوتیژی ناپێویست. بۆیە بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە بڕیاردەرانی جەنگ پێویستە ڕەچاوی کەمترین ئاستی قوربانی و زیان بکەن.

**٤-٢ بنەمای سێیەم: دادپەروەری دوای جەنگ** ( Jus Post Bellum):

لە تێروانینە کلاسیکەکاندا تەنانەت تا قۆناغەکانی دواتریش، لە چوارچێوەی تیۆری جەنگی ڕەوادا بە تەنها جەخت لەسەر بنەماکانی پێشووتر دەکرایەوە. بەڵام لە قۆناغی هاوچەرخدا، هەبوونی بنەماکانی ڕەوایەتی بڕیار و ئامرازەکانی جەنگ بە تەنها نابنە هۆکارێک بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت، کە ئەم جەنگە بە ڕەوا لە قەلەم بدرێت، بەڵکو لێرەدا بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی ترمان هەیە، کە پەیوەستە بە قۆناغی دوای ڕوودانی جەنگ. بنەمای دادپەروەری دوای جەنگ چەمکێکی نوێترە، کە خاڵی جەختکردنەوە لە بڕیاردان و چۆنیەتی جەنگ دەگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی گشتگیرتر و فراوانتر. بەم پێیە بنەمای دوای جەنگ بە بەشێکی تر لە تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت.(٢) ئەو گۆڕانکاریانەی کە سروشت و جەوهەری جەنگیان گرتەوە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر دەرکەوتن و گەشەسەندنی ئەم بنەمایە هەبووە. لەم بەشەدا، وەك بەشێك لەم ڕوانگەیە، بیرۆکەکانی بیرمەندانی وەك: بریان ئۆرێند[٣] و گاری باس (Gary Bass)[٤] و مایکل وۆلزەر[٥] بە گرنگترین هزرمەندی قۆناغی پاش جەنگ دادەندرێن. ئەم بنەمایە لە تیۆری جەنگی ڕەوادا بە فراوانترین و پڕ کێشمەترین بابەت دادەنرێت، کە پەیوەندی بەهەموو ئەو گۆڕانکاریانەوە هەیە کە لە پاش جەنگ دێنەکایەوە. هەروەها بەیەکێك لە پایە نوێیەکانی دادوەری جەنگ هەژماردەکرێت، کە گفتۆگۆ دەکات دەربارەی

---

(1) Walzer, Just and Unjust Wars: 122.

(2) Österdahl, Inger, and Esther Van Zadel. "What will jus post bellum mean? Of new wine and old bottles." Journal of Conflict & Security Law 14, no. 2 (2009): 187.

(3) Orend, Brian. "Justice after war." Ethics & International Affairs 16, no. 1 (2002): 43-56.

(4) Bass, Gary J. "Jus post bellum." Philosophy & Public Affairs 32, no. 4 (2004): 384-412.

(5) Walzer, Michael. "The aftermath of war: Reflections on jus post bellum." Belgrade Philosophical Annual 23 (2010): 11-20.

كێشەكان و داماڵینی چەك و دووبارە ڕێكخستنەوەی سیستەم و دادگایی كردنی تاوانبارانی جەنگ و چاكسازی سیاسی و ئابووری. [١] ئامانج لەم بنەمایە بریتیە لەدانانی چوارچێوەیەكی مۆڕاڵی بۆ گواستنەوە لە بارودۆخی جەنگەوە بۆ حاڵەتی ئاشتی بەردەوام.

ئەمەش چوارچێوەی ئەخلاقی جەنگ بۆ ئاستێكی فراوان درێژ دەكاتەوە، بە جۆرێك كە بە تەنها سەركەوتن لە جەنگ و كۆتایی هاتنی ناكرێت بە ڕەوا لەقەڵەم بدرێت. لێرەدا پرسیاری سەرەكی ئەوەیە چۆن جەنگ كۆتای پێدێت؟ ئەو گۆڕاكاریانە چین كە لە ڕێگەی جەنگەوە دێنەئاراوە؟ بەشێكی زۆر لە توێژەران لە قۆناغی ئێستادا جەختیان لەسەر ئەم پرانسیپە كردۆتەوە، كە پاڵنەری سەرەكی خۆی دەبینێتەوە لە هاتنەكایەوەی دادپەروەری (Justice) لە دوای جەنگ و ململانێیەكان ( post conflict). بە واتایەكی تر ناكرێت لە ڕێگەی جەنگەوە بارودۆخەكە بگەڕێتەوە پێشووتر، بەڵكو دەبێت كار لەسەر چارەسەركردنی كێشەكان بكرێت، بەشێوەیەك كە تێدا سەقامگیری سیاسی بێتەكایەوە. بەم شێوەیە وەسفی جەنگ دەكرێت "ئامانج لە جەنگ بریتیە لە حاڵەتی ئاشتی باشتر".[٢]

قۆناغی دوای جەنگ پرۆسەیەكی ئاشتبوونەوەیە: ئاشتبوونەوە لە نێوان پێكهاتە جیاوازەكاندا، كە بە قۆناغە ڕاگوزەریەش بریتیە لە گواستنەوەی ململانێی بۆ ئاشتی لە ڕێگەی چەند ڕێسای یاساییەوە. یەكێك لە توێژەرانی هاوچەرخی ئەم بوارە بریان ئۆریند، كە بەڕێوەبەری خوێندنی نێودەوڵەتی و پرۆفیسۆرە لە زانكۆی واترلۆ و یەكێكە لەو توێژەرانەی كە بنەمای دادپەروەری پاش جەنگی ئاوێتەی تیۆری جەنگی ڕەوا كردوە، پێی وایە جەنگی ڕەوا دەكرێت بڕیاری لەسەر  بدرێت بەوەی تا چەند بەشدار دەبێت لە بەرگیریكردن و جێگیركردنی مافە بنەڕەتیەكانی كۆمەڵە سیاسیەكان و هەروەها ئاسانكاری بۆ دەستەبەركردنی مافەكانی تاك و كۆمەڵ. [٣]

هەروەها دەبێت ئەو ڕاستیەش لەبەرچاو بگیرێت كە قسەكردن لە دووبارە بوونیادنانەوەی پاش جەنگ، كارێكە بە تەنها یەك ڕەهەند و لایەن ناگرێتەخۆی، بەڵكو پرۆسەیەكی فرە لایەن و جۆراوجۆرە. دەتوانین لە هەڵسەنگاندنی ئەو بۆچوونانەدا بڵێن، لە ڕووی تیۆرییەوە، بنەمای دادپەروەری لە پاش جەنگ ڕەنگدانەوەی خاسیەت و ڕوانگەی لیبراڵ دیموكراتە، كە جەخت لەسەر بوونیادنان و پاراستنی ستراكچەری ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی دەكەنەوە. هەروەها مایكل وۆلزەریش جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە بنەمای پاش جەنگ دەبێت كۆمەڵێك تەوەری سەرەكی لە خۆ بگرێت كە گرنگترینیان خۆی دەبینێتەوە لە مافی چارەی خۆنووسین، مافە مەدەنیەكان، شەرعیەتی (گەل)ی و چاكەی گشتی.[٤] بۆیە چەند بنەمایەك دەكرێت ببنە بەشێكی گرنگی قۆناغی دوای جەنگ ئەوانیش هەریەكە لە پرانسیپی "نیزام" (Order) و "دادپەروەری" (Justice) و"ئاشتبوونەوە" (Reconciliation). لێرەشدا ئەم تیۆرە كۆمەڵێك بنەما دەگرێتەخۆ كە دەكرێت لە

[1] Bass, Gary J. "Jus post bellum: (2004): 384-412.

[2] B.H. Liddell Hart, Strategy (New York: Random House, 1974):338.

[3] Orend, Brian. "Jus post bellum: The perspective of a just-war theorist." Leiden Journal of International Law 20, no. 3 (2007): 571-591.

[4] Walzer, Michael. "Just and unjust occupations." Dissent 51, no. 1 (2004): 62.

قۆناغی دوای جەنگ پشتیان پێ ببەسترێت وەك ئەمانەی خوارەوە:

### ٢-٤-١ قەرەبووكردنەوە و مافی چارەی خۆنووسین:

لەبەرئەوەی دەستدرێژی كردن تاوانێكە كە دەبێتەهۆی پێشێلكردنی مافە بنەڕەتیەكانی تاك و دەوڵەت، بۆیە پێویستە لەسەر لایەنی دەستدرێژیكار قەرەبووی قوربانیانی دەستدرێژی لێكراو بكاتەوە، بەڵام نرخی قەرەبووەكە پەیوەندیدارە بە سروشت و مەترسی توندوتیژیەكانەوە. هەروەها دەبێت جیاكاری بكرێت لە نێوان ئەو كەسانەی دوژمنكاریەكەیان ئەنجامداوە لە نێوان سەركردەكان و مەدەنیەكان. مافی چارەی خۆنووسین بە یەكێك لە هەنگاوە گرنگەكانی بنەمای دوای جەنگ دادەنرێت، كە وەك بەشێك لە دەستەبەركردنی دادپەروەری وێنا دەكرێت. هەر وەك وڵزەر جەختی لەسەر كردۆتەوە زۆر بە بەهێزی، بە گوێرەی ئەو كەسی سەركەوتوو لە هەنگاوی یەكەمدا دەبێت سیستەم و سەقامگیری بگێڕێتەوە و مافی دیاریكردنی چارەنووس بدات بە لایەنی شكست. چونكە بەبێ بوونی سیستەم كۆمەڵگا دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سروشتی و تێدا تاكەكان ناتوانن بە سەقامگیری بەردەوام بن لە ژیان.[1] وەك دەردەكەوێت ئەوەی لە تیۆری جەنگی ڕەوا تێزەكانی وڵزەر جەختی لەسەر دەكرێتەوە لە بنەمای قەرەبووكردنەوە و مافی چارەی خۆنووسین، خۆی دەبینێتەوە لە پرۆسەی داگیركاری نێوان دەوڵەتان، كە پێویستە دەوڵەتی داگیركەر ڕووبەڕووی دادپەروەری بكرێتەوە لە قۆناغی دوای جەنگدا. وەك قۆناغی دوای كۆڵۆنیالیزم كە زۆربەی وڵاتانی داگیركراو بوونە دەوڵەتی سەربەخۆ بە یارمەتی وڵاتانی داگیركەر.

### ٢-٤-٢ چەك داماڵین و چاكسازی:

بە هەمان شێوەی بنەمای قەرەبووكردنەوە، ئەوەی لە پرانسیپی داماڵینی چەكیش جەختی لەسەر دەكرێتەوە پەیوەستە بە پرۆسەی داگیركاری نێوان دەوڵەتان. چەك داماڵینیش واتا دەوڵەتی دەستدرێژكەر لە چەك دادماڵدرێت، بەلایەنی كەمەوە تا ئەو ڕادەیەی كە نەبێتەهۆی هەڕەشە بۆ سەر ئەندامانی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی.[2] ئەم هەنگاوەش هاوكاتە لەگەڵ پرۆسەی بوونیاندنانەوەو چاكسازی، كە بەبێ ئەم پرانسیپە ناكرێت دەستەبەری مافەكانی تاك بكرێت. لە پێناو هێنانەكایەوەی سیستەمێكی سەقامگیر دەبێت پرۆسەی چاكسازییە ئابووری و سیاسیەكان دەستپێ بكرێت، لەبارەیەوە، وڵزەریش پێویستی سیستەمێكی نوێی كە تێدا مافی تاكەكان بێنێتەكایەوە بە گرنگ وەسف دەكات.[3] لەگەڵ ئەمەشدا نابێت ئەو خاڵە لە یاد بكەین، كە لە دەستێوەردانەكانی ئەم دواییانەشدا ئەم بنەمایە ڕەنگدانەوەی پێداویستی و ڕەگەزێكی گرنگی سەقامگیری دوای جەنگە. ناوەڕۆكی سەرەكی ئەم بنەمایە لە قۆناغی دوای جەنگ لەو ڕەهەندەوە سەرچاوە دەگرێت، كە پێویستە ئەوانەی بڕیار

---

[1] Walzer, Michael. Arguing about war:164.

[2] Ibid,.

[3] Walzer: Just and Unjust Wars, :113, 119.

لەسەر جەنگ دەدەن لەگەڵ خواستی دانیشتوان هاوئاهەنگیەك دروستبکەن، لە پێناو ڕێکخستن و ڕێگرکردنی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیەکان. لە هەمانکاتدا، پرۆسەی چەکدانان و هەڵوەشاندنەوە و دووبارە یەکگرتنەوە ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەبینێت لە هێنانەکایەوەی ئاشتی لە قۆناغی دوای جەنگدا.

**٣-٤-٢ دادگایکردنی تاوانبارانی جەنگ و بەرپرسیاریەتی تاوانکاری:**

بابەتی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری بەیەکێك لە پرسە گرنگەکانی قۆناغی دوای جەنگ دادەنرێت، کە دەبێت ئەو کەسانەی تاوانیان ئەنجامداوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ببنەوە. مایکڵ وۆلزەر گرنگیەکی زۆری بە بابەتی دادگای کردنی تاوانبارانی جەنگ داوە، بە جۆرێك کە جەنگ ڕەوا نابێت ئەگەر بەشێوەیەکی سەرەکی تاوانبارانی جەنگ ڕووبەڕووی لێپرسراویەتی نەکرێنەوە.[١] دادگای تاوانکاری بەشێکی گرنگن لە دامەزراوەی سیستەمی دادپەروەری نێودەوڵەتی، کە تێدا پارێزگاری لە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکەن. یەکێك لە میکانیزمە سەرەکیەکانی دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی بریتیە لە بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ هەموو ئەو گروپ و لایەنانەی کە بەشێکن لە قوربانی جەنگ. دادپەروەری بەیەکێك لە هەرە بنەما سەرەکیەکان دادەنرێت، وەك (Pope Paul VI) پێی وایە "ئەگەر ئاشتیت دەوێت، ئەوا کار لە پێناو دادپەروەری بکە".[٢] چونکە تەنها لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە دادپەروەری دەتوانین لە ڕوانینی ئاشتی تێبگەین. چونکە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی پرۆسەی ئاشتەوایی بریتیە لە دادپەروەری بۆ هەموو ئەوانەی کە قوربانی جەنگن. لەم نێوەندەشدا دامەزراوە یاسایی و دادوەرییە نێودەوڵەتیەکان لە قۆناغی دوای جەنگ و ململانێی بە هەنگاوی بنەڕەتی دادەنرێن لە گێرانەوەی پرۆسەی ئاشتی. کەواتە قۆناغی دوای جەنگ وەرچەرخانێکی قووڵ و ستراتیجییە و گوزارشت لە پرۆژەیەکی دوورمەودا دەکات کە بە تەنها ڕەهەندی سەرکەوتنی سەربازی نیە، بەڵکو هەریەك لە ڕەهەندی سیاسیی و ئابووری دادپەروەریش دەگرێتەوە.

---

[1]Ibid ,:288.

[2] Clifford III, George M. "Jus post bellum: foundational principles and a proposed model." Journal of Military Ethics 11, no. 1 (2012): 47.

## ئەنجام:

تیۆری جەنگی ڕەوا خاوەن نەریتێکی دێرینە لە ڕەوایەتی پێدانی جەنگ. ئەم تیۆرە سەرەتای دەرکەوتنەکانی دەگەڕێتەوە بۆ شارەستانیەتی یۆنان و ڕۆمانیەکان کە پاساو وئارگیۆمێنتی پشتگیریکردن بۆ جەنگ لە پێناو چاکەی گشتیدا بووە. لە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست و قۆناغی باڵادەستی ئاینی مەسیحی دا، ئەم تیۆرە لە چوارچێوەی دید و تێڕوانینی ئاینیدا گەشەی پێدراوە، لەم بارەیەوە هەریەکە لە سکۆڵەرانی وەك ئاگۆستین و تۆماس ئاکوینی وەك دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرە لە قەڵەم دەدرێن. لە قۆناغەکانی دواتردا بەهۆی دەرکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی و هاتنەکایەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەروەری دەوڵەت ئەم تیۆرە چوارچێوەیەکی یاسایی و نائاینی وەردەگرێت، کە هەریەکە لەتیۆرداڕێژەران هۆگۆ گروشیویس و ڤیکتۆریا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، بە تایبەت لە داڕشتنی بنەماکانی یاسای جەنگ لە نێوان دەوڵەتاندا. قۆناغی هاوچەرخیش پەیوەست و هاوتایە لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆی، بەڵام دووبارە بە پێداچوونەوە و گەشەپێدانی زیاتر ئەم تیۆرە پێگەو لێکدانەوەی جیاوازتر و گشتگیرتری بەخۆیەوە بینی. لەم نێوەندەشدا، فەیلەسوف و تیۆرداڕێژەری ئەمریکی مایکل وۆلزەر کە بە خاوەنی تیۆری مۆدێرنی جەنگی ڕەوا دادەنرێت و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە خستنەڕووی بنەما و تیزی نوێ. مێژووی ئەم تیۆرەش هەوڵێکە بۆ لە قاڵبدانی پانتایی بەکارهێنانی هێز لەسەر بنەمای پانتایی مۆراڵ و کێشانی سنوور لە نێوان مۆدێلی جەنگی ڕەواو ناڕەوادا. چونکە لە بەرامبەر جەنگی ڕەوادا، چەندین مۆدێل و شێوازی تری بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی و دەستێوەردان هەن، بەڵام ئەوەی ئەم فۆرمە لە جەنگ جیا دەکاتەوە، خۆی دەبینێتەوە لە گرنگترین پرانسیپە سەرەکیەکانی ئەم تیۆرە. بۆیە لەبەرئەنجامی ئەمەدا دەکرێت بگوترێت کاتێك جەنگ لەڕووی یاسایی و ئەخلاقیەوە ڕێگە پێدراو دەبێت، کە لەگەڵ هەر سێیک لە قۆناغەکانی تیۆری جەنگی ڕەوادا یەکبگرێتەوە. قۆناغی پێش جەنگ (jus ad bellum) ئەم قۆناغەش چەند مەرجێکی سەرەکی لە خۆدەگرێت، کە پێویستە لە ڕووی ئەخلاقیەوە پاساوداربن بۆ بڕیاردان لەسەر جەنگ. قۆناغی دووەم پەیوەستە بە ڕەفتاری جەنگەوە (jus in bello) کە تێدا ئیدارەی ڕەفتاری ڕەوا دەکات لە کاتی بەڕێوەچوونی جەنگدا. هەروەها قۆناغی سێیەمیش (jus post bellum) ئەو بنەمایانە دەگرێتەوە، کە ئاشتی و دادپەروەری فەراهەم دەکەن. ئەو مەرج و پرانسیپانە وادەکەن جەنگ لە پرۆسەی دوژمنکاری و شەڕخوازی دوور بێت و ڕێ لە ناسەقامگیری و نەبوونی ئاشتی و ڕەهەندە نەرێنیەکان بگرێت. هەر لێرەشەوە، ئەو ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە کە پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان هۆکار و نیەتی جەنگ لەگەڵ شێوازەکانی بەڕێوەچوون و دەرئەنجامەکان یەکدەگرنەوە لە ڕەوایەتی دان بە پاساوەکانی جەنگ.

# لیستی سەرچاوەکان:

**Books and book chapters:**

1. B.H. Liddell Hart, Strategy (New York: Random House, 1974).
2. Best, Geoffrey. War and Law since 1945. Oxford University Press, 1997.
3. Burke, Ciarán. An equitable framework for humanitarian intervention. Bloomsbury Publishing, 2013.
4. Burkhardt, Todd. Just war and human rights: fighting with right intention. SUNY Press, 2017.
5. Christopher, Paul. The ethics of war and peace: An introduction to legal and moral issues. Englewood Cliffs: Prentice Hall, 1994.
6. Eric A. Heinze and Brent J. Steele, eds., Ethics, Authority, and War: Non-State Actors and the Just War Tradition (New York: Palgrave Macmillan, 2009).
7. Grotius quoted in P. Christopher, The Ethics of War and Peace (Englewood Cliffs, NJ: Prentice Hall, 1994).
8. Grotius, Hugo. The rights of war and peace: Including the law of nature and of nations. MW Dunne, 1901.
9. Holmes, Robert L. On war and morality. Princeton University Press, 2014.
10. Johnson, James Turner. Ethics and the Use of Force: Just War in a Historical Perspective (Ashgate, 2011).
11. Kaldor, Mary. New and old wars: Organised violence in a global era. John Wiley & Sons, 2013.
12. Kamm, Frances Myrna. Ethics for Enemies: Terror, Torture, and War. Oxford University Press, 2011.
13. Kellison, Rosemary. Expanding responsibility for the just war: a feminist critique. Cambridge University Press, 2018.
14. Khalife, Ryan A. "Drone Strikes: The Moral, Political, and Legal Implications of the Changing Character of War."Thesis, Oregon State University (2018).
15. Lang Jr, Anthony F. "Authority and the Problem of Non-state Actors." In Ethics, Authority, and War, pp. 47-72. Palgrave Macmillan US, 2009.
16. Lango, John W. The Ethics of Armed Conflict: A Cosmopolitan Just War Theory. Edinburgh University Press, 2018.
17. Mattox, John Mark. St. Augustine and the Theory of Just War. A&C Black, 2006.
18. Murphy, James G. "Just War Thought and the Notion of Peace." In The Nature of Peace and the Morality of Armed Conflict, pp. 105-122. Palgrave Macmillan, Cham, 2017.
19. O'Donovan, Oliver. The just war revisited. Vol.2. Cambridge University Press, 2003.

20. Orend, Brian. The morality of war. Broadview Press, 2013.
21. Ramsey, Paul. The just war: force and political responsibility. Rowman & Littlefield, 2002.
22. Richard B. Miller, Interpretations of Conflict: Ethics, Pacifism, and the Just War Tradition (Chicago: University of Chicago Press, 1991).
23. Walzer, Michael. "The aftermath of war: Reflections on jus post bellum." Belgrade Philosophical Annual 23 (2010).
24. Walzer, Michael. Arguing about war. Yale University Press, 2008.
25. Walzer, Michael. Just and unjust wars: A moral argument with historical illustrations. Basic books, 2015.

**Academic articles:**

1. Aloyo, Eamon. "Just war theory and the last of last resort." Ethics & International Affairs 29, no. 2 (2015).
2. Bass, Gary J. "Jus post bellum." Philosophy & Public Affairs 32, no. 4 (2004).
3. Burke, Anthony. "Just war or ethical peace? Moral discourses of strategic violence after 9/11." International affairs 80, no. 2 (2004).
4. Calhoun, Laurie. "Legitimate authority and “Just War” in the modern world." Peace & Change 27, no. 1 (2002).
5. Clifford III, George M. "Jus post bellum: foundational principles and a proposed model." Journal of Military Ethics 11, no. 1 (2012).
6. Cole, Darrell. "War and intention." Journal of Military Ethics 10, no. 3 (2011).
7. Douglas, Mark. "Changing the rules: Just war theory in the twenty-first century." Theology Today 59, no. 4 (2003).
8. Fabre, Cecile. "Cosmopolitanism, just war theory and legitimate authority." International Affairs 84, no. 5 (2008).
9. Harbour, Frances V. "Reasonable probability of success as a moral criterion in the western just war tradition." Journal of Military Ethics 10, no. 3 (2011).
10. Harrer, Gustave Adolphus. "Cicero on peace and war." The Classical Journal 14, no. 1 (1918).
11. Hurka, Thomas. "Proportionality in the Morality of War." Philosophy & Public Affairs 33, no. 1 (2005).
12. Johnson, J. "Morality and Contemporary Warfare." Theological Studies 61, no.3 (2000).
13. Kellison, Rosemary. Expanding responsibility for the just war: a feminist critique, 2018.
14. Martin, Rex. "Just wars and humanitarian interventions." Journal of social

philosophy 36, no. 4 (2005).
15. McMahan, Jeff. "Just cause for war." Ethics & International Affairs 19, no.3 (2005).
16. Mednicoff, David M. "Humane wars? International law, Just War theory and contemporary armed humanitarian intervention." Law, culture and the humanities 2, no. 3 (2006).
17. Merkel, Wolfgang. "Democracy through war?." Democratisation 15, no. 3 (2008).
18. Morris, Michael C. "Predator Free New Zealand and the 'War'on Pests: Is it a just War?." Journal of Agricultural and Environmental Ethics 33, no. 1 (2020).
19. Orend, Brian. "Jus post bellum: The perspective of a just-war theorist." Leiden Journal of International Law 20, no. 3 (2007).
20. Orend, Brian. "Just and lawful conduct in war: reflections on Michael Walzer." Law and Philosophy (2001).
21. Orend, Brian. "Justice after war." Ethics & International Affairs 16, no. 1 (2002).
22. Österdahl, Inger, and Esther Van Zadel. "What will jus post bellum mean? Of new wine and old bottles." Journal of Conflict & Security Law 14, no. 2 (2009).
23. Steinhoff, Uwe. "Just Cause and 'Right Intention'." Journal of Military Ethics 13, no. 1 (2014).
24. Stewart, Kerry. "Just war and terrorism: a new policy perspective." Digest of Middle East Studies 20, no. 2 (2011).
25. Von Elbe, Joachim. "The Evolution of the Concept of the Just War in International Law." The American Journal of International Law33, no. 4 (1939).
26. Walzer, Michael. "Just and unjust occupations." Dissent 51, no. 1 (2004).

**Master and PhD Thesis:**

1. Bowyer, Daren. "Just war doctrine: relevance and challenges in the 21st century." PhD diss, cranfield university, (2008).
2. Campbell, Luke Bradley. "Just war, legitimate authority and non-state actors." PhD diss., University of Missouri--Kansas City, 2011.
3. Gomes, Keith Jude. "A Comparative Grammar of Just War: Contrasting Augustinian Christian and Vedic Hindu Worldviews." PhD diss., Carleton University, 2014.
4. Majima, Shunzo. "Ethics of civilian protection." PhD diss., University of Birmingham, 2011.
5. Smith, Eric. "Just War Theory and Armed Non-State Actors." PhD diss. Auburn University, 2015.